# بێدەنگیی گەورە

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ **دەزگای فام** پارێزراوە.

**چاپی یەکەم - ٢٠٢٣**

# بێدەنگیی گەورە

نووسینی

## دڵشاد عەبدوڵڵا

بابەت: **شیعر**

پێوانە: ١٣.٥*٢١سم (١٤٠) لاپەڕە

ISBN: 978-9922-9875-6-9

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٦٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێ دراوە.

شیعر

# بێدەنگیی گەورە

دڵشاد عەبدوڵڵا

هەموومان بەردەبینەوە، ئەم دەستەش بەردەبێتەوە
بڕوانە ئەوانی تریش، بەربوونەوە لە هەموو شتێکدایە
کەچی یەکێك لەوێدایە هەمیشە
بە نەرمونیانی ئەم بەربوونەوەیە لە دەستەکانیدا
هەڵدەگرێتەوە.

**ڕاینە ماریا ڕیلکە**

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆك ........................................................ ٥
لە بێدەنگیی گەورەوە بۆ ڕەوانیی تیشكئاسا.......................... ٩
بۆ شاعیرە لاوەكان .............................................. ١٥
پەسیرەی دەریا.................................................. ١٧
نادیارەكانی جەنگ .............................................. ٢٠
بە بۆنەی كۆنە نامەیەكەوە....................................... ٢٢
بۆ یادی گابرێل گارسیا ماركیز.................................... ٢٤
بەدەم داڵغەوە................................................... ٢٦
ئەستێرەی حوبر................................................. ٢٨
دەرەوە بێ گومان دەرەوە تاریك ................................. ٢٩
تراویلكە ......................................................... ٣١
داڵغەیەك لەگەڵ كۆتر .......................................... ٣٣
بێدەنگی گەورە .................................................. ٣٥
قەلەڕەش......................................................... ٣٦

وەك ئەسپی عارەبانە تێکشکاو ........................ ٣٨
یادەوەری باوان........................................ ٤٠
کانی قرژاڵە ......................................... ٤٤
لە خوداحافیزی دۆستێکدا ............................... ٤٦
ئاوازە نەمرەکان ...................................... ٤٨
هەموو سەفەرێك بە غەمگینی ............................. ٥٠
شکۆی ئێوارە .......................................... ٥٢
بتەوێ لە شیراز........................................ ٥٤
بنچینەی عەرش ........................................ ٥٧
گوڵە وەرزییەکان ...................................... ٥٩
داری شەکران ......................................... ٦١
پاول سیلان............................................ ٦٣
پەرەسەندن............................................ ٦٥
ئەو ڕستانەی نانووسرێن................................. ٦٦
تارماییەکی سەربڕاو بە شاردا دەگەڕێ.................... ٦٨
گەشتی ڕووناکی ........................................ ٧٠
سبەینەکی کۆریۆلانس .................................. ٧٢
کۆنتراست ............................................ ٧٥

دیزاینکردنی خەون........................................ ٧٦

باڵی کراوە................................................. ٧٨

کێوە بێ گوناهەکان........................................ ٧٩

گەمەی مەرگ............................................. ٨١

ڕابیعە...................................................... ٨٢

لەناو نوێنی نەخۆشیدا..................................... ٨٤

ساتە درێژخایەنەکان....................................... ٨٦

ڕاهێنان لەسەر پیانۆ....................................... ٨٨

بەیانی زوو................................................. ٩١

گۆرانییەك بۆ خۆم......................................... ٩٣

لاواندنەوەیەك لە شرناخ.................................... ٩٥

باخچەکەی لای مێرەمەدیان................................ ٩٨

بەیانی هەموو ڕۆژێك...................................... ١٠٠

بای ڕەشی ئەنادۆڵ......................................... ١٠٢

هێدمەی بەردەم وێنەکان................................... ١٠٥

منداڵی گژ پیری........................................... ١٠٧

جەنگی دۆڕاوی هەرکەس.................................. ١٠٩

لە کافێی لاڤازە............................................ ١١١

له عەنكاوە........................................................................ ١١٣

دوای تەمەنێكی درێژ............................................................... ١١٥

كەشتی لەنگەرشكاو، هاوار....................................................... ١١٧

لەناو جووت كەوانەی ئازاد ...................................................... ١٢٠

سێبەری ورچە بۆر.................................................................. ١٢٣

قیریانا.................................................................................. ١٢٥

ئەوراقی پەرێشان .................................................................. ١٢٨

كەمێكی تر تاریك دادێ........................................................... ١٣٣

سندووقی پاندۆرا.................................................................... ١٣٥

قافی هاتووە.......................................................................... ١٣٥

# لە بێدەنگیی گەورەوە
# بۆ ڕەوانیی تیشکئاسا

١. بێدەنگیی گەورە دەقێکی کورتە، بەڵام بۆتە ناوی دیوانێکی بەرین لە شیعری کوردیی هاوچەرخ. بە هەناسەی قووڵ و هزرینی ڕوون و خەیاڵی بیناکەرەوە، دڵشاد عەبدوڵڵا ئەزموونێکی دیکەی خۆی خستۆتە بەردەست خوێنەرانی. ئەزموونێك کەم دەق و کۆپلە و دێڕ و گوزارەی هەیە، جوانییەکی تایبەتی لە خۆیدا نەشاردبێتەوە. دڵشاد لەم دیوانەیدا وەك چێشتلێنەرێکی بە ئەزموون، ئەوەی لە مەتبەخی ساڵانیکی زۆری شیعردا کۆی کردۆتەوە و فێری بووە، لەسەر خوانی ئەم دیوانەی بۆی خستووینە ڕوو. بە جۆرێ وا بزانین نەك چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکان وەردەگرین؛ بەڵکوو چێژ لە خواردنی بەئەزموونترین و سفرەڕازاوەترین چێشتلێنەریش دەبینین.

٣

٢. یەکەم شت کە لەم دیوانەدا سەرنجت ڕادەکێشێت، دێڕ و گوزارە درێژەکانین کە بە وێنەی جۆگەیەکی ئارام ڕێی خۆیان دەکەنەوە. دڵشاد کاتێك باسی زەویکێڵان دەکات، وێنەیەکی خۆی و باوکی دەکێشێت، کە چۆن بە دارکەتوو، دێراویان لێ داوە. دارکەتوو بریتییە لە دوو بەش: بەشێکیان خاکەنازێکی تیژە

بە دەست کەسێکەوە، کە دەیچەقێنێتە شوێنی دێراولێدانەکە، بەشی دووەمیش دوو پەتی پتەون لە بەشی خوارەوەی خاکەنازەکە گیرکراون و بە دەست کەسێکی دیکەوەن، کە ڕووی لە کەسی یەکەمە. کاتێك کەسی یەکەم دەمی خاکەنازەکە لە زەی ڕۆ دەکات، ئەوی تر ڕایدەکیشێت و بەم جۆرەش دێراوەکە لێ دەدرێت. من کاتێك ئەم دیوانەم دەخوێندەوە و دێڕەکانی بە بەرچاومدا تێپەڕ دەبوون، ئەو دێراوانەم بیر دەکەوتنەوە کە لە شێوەی ئەم ڕستانەی دڵشاددا بە سەرخاکدا درێژ بوونەوە. جۆگەکان و دێراوەکان درێژ دەبنەوە تا ئاو بە نێویاندا ڕەوان مەوداکان تەی کا. ئەمە چارەنووسی ئەم دەقانەیە، کە بە دەگمەن نەبێت، هیچ ڕێگرێك، بەربەستێك نایەتە ڕێگەی خوێنەر و خەیاڵ و هزری شاعیرانە بە وێنەی ئاوی ڕەوان مەودای خۆیان تەی دەکەن. بۆیە کاتێك تەنیا وەك دیمەنێکی دیداریانەش تەماشای درێژبوونەوە و سەریەککەوتنی ڕستەکانی نیو ئەم دیوانە و ڕەشایی کۆپلەکانی دەکەیت، دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشت پێ دەبەخشن، دیمەنێك، ئەو کاتانەمان بیر دەخاتەوە، کە بۆ یەکەم جار دیوانی شاعیرە گەورەکانمان دەکردەوە و دەمانخوێندنەوە.

**٣.** ئەم کۆمەڵە شیعرە پڕە لە گەڕانەوە بۆ یادوەری و بەرهەمهێنانەوەی وێنەی جۆربەجۆر لە ئەزموونێکی دوورودرێژی ژیاندا. ئێمە زۆر باسی ژانری یادەوەریمان لە شیعری کوردیدا نەکردووە، کە بە بڕوای من هێزێکی زۆری بە شیعری ئێمە بەخشیوە. یادەوەری و بەیادهینانەوە و گێڕانەوە، هەموویان جۆرێکی تایبەتن لە بەرهەمهێنانەوە. لە بەرهەمهێنانەوەیەکدا کە پشت بە یادوەری ببەستێت، چەند کێشەیەك دێنە بەردەم: یەکەم؛

ئەوەی یادوەری بەبیرهێنانەوە و دووبارەسازدانەوەیەکە، بە دوور لەو شوێن و کاتەی ڕووداوەکەی تێدا ڕووی داوە. دووەم؛ ئەوەی تەمەنی کەسێك لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێك و کاتی بەیادهاتنەوە و گێڕانەوەی، دوو کات و تەمەنی جیاوازن. سێیەم؛ یادوەری لەگەڵ تێپەڕینی تەمەندا بیرچوونەوەش بەدوای خۆیدا دەهێنیت. چوارەم؛ ئەوەی کە بۆ یادکردنەوە هەمیشە پشت بە خەیاڵ و یادگەمان دەبەستین و دووبارە ئەو شتەی ڕووی داوە، دەیهێنینەوە پێش چاوی خۆمان، کە ڕەنگە جیاواز بێت لەوەی لە کات و شوێنی خۆیدا ڕووی داوە. بەم جۆرەش، هەموو یادوەری و بەرهەمهێنانەوەیەك جۆرێکە لە مەترسیی دوورکەوتنەوە لە واقیعی ڕووداوەکە.

٤. دڵشاد عەبدوڵڵا زیرەکانە دەچێتەوە نێو یادەوەریی خۆی. ئاگایی و ئامادەیی زەینی کەم دیمەن و ڕووداوی بیر بردۆتەوە، پێشتریش ئەم تیژبینییەیمان لە (کتێبی ڕەش)دا بینبوو. لەم کۆمەڵەیەشدا، تیژبینانە دەچێتەوە نێو ئەو بەشەی لە یادوەرییەکانی کە بە توندی هەستی ئەویان تێدایە نەك هزری ئەو. دڵشاد بۆچوون و تێگەیشتن و دانایی لەسەر ڕابردووەکانی ژیانی خۆی دەرنابڕێت، بەڵکوو لە ڕێگەیانەوە هەستەکانی خۆی بەیان دەکات. بۆیە لە یەك کاتدا منداڵی و ئەزموون، سەرەتا و ئێستا، سادەیی و شپرزەیی، دنیای مۆدێرن و نەریت، کامەرانی و نائومێدی و حەسرەت و خۆشییەکان تێکەڵ یەکتر دەبن. فەزایەکی ترش و شیرینی ئەم دیوانەی پێك هێناوە و شیعرییەتێکی منداڵانە و جیهانبینییەکی دانایانە پێك دەگەن. جوانیی ئەم دوو ناکۆکەش لەوەدایە کاتێك پێك دەگەن، هەریەکەیان چێژی خۆیانیان هەیە.

هەریەکیان مەرج و هەریەکەشیان بە زمان و ئەزموونی خۆیانەوە. هەندێ جار ئێستا پاڵمان پێوە دەنێت بۆ منداڵبوونەوەیەکی لەدەستچوو، هەندێ جاریش ئەو منداڵییە لەم ئێستایەدا و بە ڕوخسارێکی حەکیمانە و پڕ ئەزموونەوە دەبینینەوە. شوێنی بەیەکگەیشتنیان جەستەی شاعیرە، کە هەندێ جار لە ئاستیدا خۆیشی دەکەوێتە گومانەوە. جەستەیەك ئەو هەموو ئەزموونەی حەشار دابێت و هێشتاش نیگا منداڵییەکەی خۆی پاراستبێت.

٥. کورتبێژی و جوانبێژی، دروستکردنی ڕستەی بێدەنگ، هەڵدانی جۆگە و دێراوی مەند و ئارامیی زمانی، سوودوەرگرتن لە زمانی هێما و خۆشخوانی، تەوس و قسەی ناوکدار، بەشێکی هەرە بەهێزی ئەم دیوانەن. کاتێك دەقەکەی لەبارەی چوونی بۆ شیراز و چوونە سەر گۆڕی حافز دەخوێنیتەوە، حەکیمێکی لەوسەرەوەی هەموو شتێکت بیر دەکەوێتەوە، کە خۆی بەدەست زمانێکی ئاسایی و درێژدادڕانەوە نادات و زمان دەهێنیتە سەر ئاستی گوزارشتکردن بە پیتاندنی چاو و وێکهێنانەوەی برژانگ. وەلێ بە شێوەیەکی واتاداری ئەوتۆ، کە هەرگیز زمانی دەنگی ناتوانیت ئاوا کورت و کاریگەر ئەو هێزەی دەربڕین بخاتە کار. لەم دەقانەدا ئەوەندە نیگا لە دیمەن نزیك دەبێتەوە، کاتێك دەڵێت باوکم دەسکی کەتووەکەی دەنا بە سنگییەوە و کەرسەکە گڵەکان هەڵدەپڕژانەوە، هێندە واقیعیانەیە، وا دەزانیت ئێستا ئەو کارە ئەنجام دەدرێت. بۆیە ئەم دیوانە خوێنەر لە ئەزموونگەلێك نزیك دەخاتەوە، کە ڕەنگە خۆی تێینەپەڕاندبن، بەڵام هەستیان پێ دەکات.

٦. لەم دیوانەدا دڵشاد عەبدوڵڵا چەند جارێك باسی مردن دەکات، بەڵام وا ناکات ڕقمان لێی بێتەوە. هەندێ جاریش وێنە جوانەکەی مەرگ پیشان دەدات، جاریش هەیە، دەنووسێت: "حەیف بۆ منداڵی، ئەوەی شوێنی دەگرێتەوە مردنە!" جگە لەمانەش زۆربەی نەوەکان لەم دیوانەدا ئامادەن و زیندوو دەبنەوە، ئەم ئێستایەی شاعیر بەبێ زیندووکردنەوەی پێشینەکان مانایەکی ئەوتۆی نابێت. لێرەوە، دایك و باوك، باپیر و کەسایەتییەکان دەبنە بەشێکی گرنگ و سرووشتیانەی نێو دەقەکان. بە جۆرێ وا تێبگەین، ئەگەر نەوە جیاوازەکان لەم دەقانەدا ئامادەییان نەبووایە، نە منداڵە دەروونییەکەی شاعیر و نە دڵشاد عەبدوڵڵا هیچێکی ئەوتۆیان بۆ گوتن نەبوو. بۆیە مردن ئاستێکی ئێستاتیکی وەردەگرێت و لە وێنەی پردێکدا وێنا دەکرێت، کە لە نێوان جەمسەرەکانی تەمەندا ڕایەڵ کراوە و نەوەکان لێوەی دەپەڕنەوە لای یەکتری.

٧ . دیوانەکە هەمیشە وەك چۆن چاوێکی لە دنیای لۆکاڵ و ژینواری کوردەوارییە، وەك چۆن بە تەواوی مانا هەستە خۆماڵییەکان و یادگارە خۆماڵییەکان و ڕەسەنێتیی کوردییانە بەیان دەکات، ئاواش دەمانپەڕێنێتەوە بۆ جیهانە مرۆڤایەتییەکەی ئەوپەڕ جوگرافیای وڵاتی خۆمان و ئاشناکردنمان بە کولتوور و جوگرافیاکانی دیکەی جیهان. ئەمەش بۆ دروستکردنی جۆرێ لە هاوهەستی و هاوکۆژانی نێوان مرۆڤایەتی. لەمەدا ئەرکی شیعر فراوانتر دەبێت و ڕۆڵە پەروەردەییەکەی خۆی دەگێڕێت. بەم جۆرە ناوهێنانی کەسایەتی، شاعیران و نووسەرانی جیهان لەم دیوانەدا، هەر تەنیا خۆنواندنێکی ڕۆشنبیرانە و شاعیرانە نییە،

هێندەی ئەوەی پیشاندانی دەروەستییە لە ئاست ئێش و ئازار و داهێنانەکانی مرۆڤایەتیدا، لە ڕێگەی ناوهێنانی کەسایەتییە ئەدەبی و شیعرییەکانیانەوە. لەمەش زیاتر، ئەم کارە هەوڵێکی جوانیناسانەیە بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان کورد و مرۆڤایەتیدا. شیعر هەمیشە لەم هەوڵە ئێستاتیکییەدا ئەرکی (پەیکێکی شارەزا)ی کارامەی بینیوە و دڵشادیش بە سوودوەرگرتن لەو کولتووری پەیکی شارەزایە، پەیامەکانی نەك هەر بەرەو شاری شارەزوور دەنێرێت، بەڵکوو ئاراستەی شاری مرۆڤایەتیشیان دەکات.

٨ . من لە ئەزموونی خوێندنەوەی خۆمدا بۆ شاعیرانی بەرەی هەولێر، هەمیشە داهێنانی بەرز و تایبەتمەندیی ژینگەی وڵاتەکەم بینیوەتەوە، کە بەناچاری بۆتە تایبەتمەندیی دەروونی و کاراکتەری زۆربەی شاعیرەکانیش. دەزانم ئەم جۆرە شیعرە هەمیشە خۆی لە دروشم بەدوور گرتووە و ڕۆ چۆتەوە بەناو زەینییەت و ناخ و خودێتی. شیعرێکی بێدەنگ و پڕ لە خرۆشان، کاتی دەوێت تا ڕێگە دەدات بچیتە ناوێوە، بەڵام بۆ هەمیشە تیایدا دەمێنیتەوە. ئەزموونی شیعریی دڵشاد عەبدوڵڵاش لەم کەشوهەوایە بەدەر نییە کە ئەوی تێدا پەروەردە بووە. بەڵام ئەو لەم دیوانەیدا وا پێ دەچێت لە هەموو دیوانەکانی دیکەی زیاتر خۆی داوەتە بەر خۆر و شووشەییانە لە خۆی دەدوێت، وەك ئەو تیشکەی کازیوە چۆن وەك ئاوی نێو دێراوان مەودای خۆی تەی دەکات، ئاواش ئەم شیعرە ڕەوان دیتە ڕۆحی مرۆڤەوە.

**ڕێبوار سیوەیلی**
**٢٠٢٢**

## بۆ شاعیرە لاوەکان

بەو مۆمدانە سوێند بخۆ کە بەدیار شەوەکانتەوە وەنەوز دەدا
بەو کاغەزە سپییانە سوێند بخۆ کە تەختایی فڕینتە بۆ دنیا
بەو دەستنووسانە سوێند بخۆ کە دڵت نایێ بیاندڕێنی
هەرچەندە ژانی لەدایکبوون سوێندی لەسەر نییە

بەو ڕستانەی
چنینیان زەحمەترە لە دوورینەوەی جەستەی خۆت
ئەی بلیمەتەکان!
باشتر ئەوەیە سوێند نەخۆن
ئەم جیهانەی ئێمە سوێندی لەسەر نییە
شیعر خۆی سوێندە.

ئەو کاتەی پشت بە تێکست دەبەستی بۆ ساغکردنەوە
پێویست بە ڕووداو ناکات بۆ گێڕانەوە
وشە کە قاڵبی هەورین دەگرێ

له بنی فەرهەنگ دێتە دەرێ وەك مرواری بە گەردنەوە.
هەر لە هۆمیرۆسەوە هەتا مانگ!
له مێرگی خوداوە تا دەگات بە مەملەکەتی دز و جەردە
یەك ڕێگاتان لەبەردەمە، شاعیر بن.

شاعیر ڕەنگە درۆ بکا، بەڵام شیعرنا
کاتی نووسین
هەنگین کاتی ئیعتیرافە.

# پەسیرەی دەریا

**بۆ یادی دیریك والكوت**

چرای بەردەمی بەلەمێك لە ئاوی تاریكی شەودا
لە تەرمی خنكاوێك دەگەڕێت
مەرج نییە بیبینێتەوە گرنگ ئەوەیە دەگەڕێت
خنكاوەكان مرواری ناو قەپێلكی سەدەفین.

پەڕاوی داگیركاری و تاوان لەسەر پشتە
پەڕەكانی هەڵدەدەمەوە،
وەك كێڵگەی قەلەڕەش نیشتوون لەسەر لاشەكان.

خەونی ئێمە كۆریدۆرێكی بەرینە
هەردووكیانی پێدا دەڕوات، قوربانی و جەللاد
چش لەو سووكە مۆڕانەی دەیگرنە یەكتر كاتی تێپەڕین.

بەسەر دەریای زمانەوە شاعیرەكان ئۆدیسەن

له قوله‌ی خوداوه به دووربین چاودێری ده‌كرێن
تا ده‌گه‌ڕێنه‌وه
هه‌مووی به وردی ده‌گێڕنه‌وه، وه‌ك كه‌فی سه‌ر شه‌پۆل
لا بده‌ن.

شاعیره‌كان دڵی خۆیان به زه‌حمه‌ت بۆ ده‌كرێته‌وه
له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سپێتیی شیعر ناگۆڕنه‌وه به خۆڵه‌مێش
به باری كلێشه‌وه زه‌حمه‌ت ده‌كێشن له په‌ڕینه‌وه.

بێ سڵه‌مینه‌وه له زمانی كۆڵه‌وارم، به ئینگلیزییه‌كی خراپ
هه‌ندێك جار وه‌ك سه‌رخۆش له‌تر بدات له ڕسته‌ی زۆر گه‌ش
به‌و حاڵه‌وه دیریك والكوت ده‌خوێنمه‌وه.
نه زه‌ڕه‌یه‌ك گومان ده‌كه‌م، نه پێویست به سه‌لماندنه كۆلۆنیالی
وه‌ك زه‌نگوڵه به ملی ده‌ریای كاریبیه‌وه
ده‌زرنگێ.

چرای دێڕه‌كان له خۆم نزیك ده‌كه‌مه‌وه
له ئاوێنه‌ی بۆشایی نێوانمان تا ئاستی له‌یه‌كچوون،
مووی سپی و پێستی مه‌یله‌و تاریكی شیعره‌كان به نه‌رمه‌نیگای جیاواز.

وەك قرژاڵ بەدوای ماسیی زیوینەوە، یان ڕاستتر
ماسی زیوینم لەبەردەم چڕنووکی قرژاڵ
زمان دەگۆڕێ کاتێك هەڕەشە دەگۆڕێ.

هونەری شیعری مامۆستام! سەری سپی کردووە سادە بە گوڵی ژاڵە.

## نادیارەکانی جەنگ

لە پشت ئەو گردەوە گردی تر، بە پووشوپەڵاش داپۆشراو
قان قان کەسکی تۆخ وەك هەوری تەڵخ بە تەپۆڵکەوە.
شڵەژانی ئێوارە لە فڕینی پەڕەسێلکە دەبینم
بە ترسەوە لە زارکی گۆزەی هێلانە نزیك دەبنەوە.
لەو شوێنەی لێیەوە تەماشا دەکەم.

لە پشت ئەو شەقامەوە شەقامی تر
شۆستەکان وەك وێستگەی قیتار پڕ ڕێبوار
هەندێك جانتا بە کۆڵەوە، هەندێ دەست ڕادەشەقێنن
لەگەڵ تەقەتەقی فارگۆن.

لە پشت ئەو شارەوە شاری تر، مەشخەڵی بورجەکان
دووکەڵی دووکەڵکێش، گۆمی حەوزی پڕ قەوزە
مانگی سەرخۆشی کۆڵان، سەگ و پشیلە و مریشك

جارجار سڵاوی پیرێژنەکەی جیران
تەنەکەی خۆڵی بەر دەرگا..
غەریبیی هەموویان دەکەم.

# به بۆنەی کۆنە نامەیەکەوە

*لەناو نامەکانمدا پارچە کاغەزێك دەبینمەوە، لێی نووسراوە: "خۆشم دەوێی"*
*ڕستەیەکی تەواو لە نامەیەکی ناتەواو*
*حوبری "خۆشم دەوێی" پەرت بووە وەك پەلەهەورێك.*
*بە بیرخۆمی دێنمەوە، بۆ کێم نووسیوە؟!*

ئەو کارمامزەی سبەینەیەك لە دەرگایماڵەکەمانەوە
بە پەلەپڕووسکێ هەڵات و نەهاتەوە.
کۆڵان بە کۆڵان کەوتمە سۆراخی
وەك بەردی بن گۆم بزر بوو لێم.
یا مەبەست سەگە بۆرە؟ سەکوژی شارەوانی کوشتی
بە دەستی خۆم شاردمەوە.
ئێستاش شەوان نووزەنووزیم دێتەوە گوێ.
یا مەبەستم خەدیجەیە؟ ئەو کچە حەوت ساڵەی
باوکی بارزانی و دایکی ڕووس بوو
پێکەوە لە حەوشەیەکدا یاریمان دەکرد

بای گەورەبوون هەریەکەمانی فڕێ دایە دوورگەیەك.

یاخۆ ئەو ژنە تێکسمڕاوەی لە لا کۆڵان گوپی گوشیم، وتی، قشتۆکە!

لە شەرمان سوور هەڵگەڕام

چەند جوانی، دەڵێی تەماتەی! بتخۆم.

ددانە گەورەکانی بەیەکدا هێنا

ترسم لێ نیشت و بەتاو ڕام کردەماڵەوە.

تا گەورە بووم، حەزم دەکرد ئەو دەموددانە هی کچی کافرۆش با.

کلووری کۆڵانی منداڵیی پڕە لە ئەستێرەی کشاو!

پڕە لە ڕۆحی فریشتەی بێ ئەسەر

جارجار دێنەوە بەڵام نامێننەوە

وەك کۆنەکاغەز! سەرباڵیان دێتەوەبەر، دەفڕنەوە.

حەیف! هێشتا نەگەیشتوون.

## بۆ یادی گابرێل گارسیا مارکیز

ماکۆندۆ بۆتە شار
شاری قەرەج و پۆلیس و حیکایەتی خورافی.

کونج بە کونجی شار مەفرەزەی پۆلیس
گڵۆپی شین بەسەر سەیارەکانیانەوە
دەمانچە بە قەدیانەوە
ئامادە بۆ جێبەجێکردنی بڕیار
بێ گوێدان بە ئیمزای حاکم.
گرنگ ئەوەیە،
بڕیار ئامادەیە.

پێویست بە چەك و نمایش ناکات
تاوانبار کەلەپەپچە لە دەست،
لە تارمایی عەدالەت دەگەڕێت
ئەو غەوارەی هەر ڕۆژە و بیانوویەك حازرە بۆی!

له شارێکدا،
تەنیا تارمایی ئازادە
پێویست بە پۆلیس ناکات
"بڕیارەکان خۆیان دەمانکوژن."

دوای (سەت ساڵ تەنیایی)
تاوان وەك كاغەزی قومار تێکەڵ دەکرێت
سیحر و جادوو/ باج و خەراج دەبنە پیر
دز و جەردە و شۆڕشگێڕ

بڕاڤۆ حکوومەت!

# بەدەم داڵغەوە

له شەقامی (ئیسكان)
گەنجێكی ڕەشتاڵەی پرچ لوول
پێ لەسەر پێ لەسەر كورسیی بەردەم دوكان
بێ گوێدانە ئەم و ئەو، بە دەم داڵغەوە فیكە لێ دەدا، بەیانییە.
سەرنجی ساردی (مێرسۆ)ی هێنامەوە یاد.
غەریبەكان هەموویان لەیەك دەچن
له شێوە و جۆری تەماشایان.

نەغمەی گۆرانییەك وەك كوكوختی له نزیكمانەوە
دندووكی دەدا له دەنكی حەسرەتێك
ماڵی چۆڵم، ماڵی ساردم!
ناحەقت ناگرم برادەر!

وەك فاڵ بگرمەوە دەكەومە خوێندنەوەی

بن فینجانی نامورادی:
دەرفەتی کەم و هەڵوەدای زۆر
کێوی سەختی نەگەیشتن،
بە کچی خەون و بە سووچی گەرم و بە کەمێك شادی.

لەبەرخۆمەوە دەکەومە گلەیی لە ئاسمانەوە تا زەوی
هەر خۆشم وەڵامی خۆم دەدەمەوە؛ کەس ناژنەوی!

تیشکی هەتاو هێشتا گەرمی نەکردووە
ڕۆژ بە بەریەوە ماوە، دڵ لە دڵ مەدە برادەر!
هێشتا زووە بۆ ڕاچڵەکینی
کۆتایی داڵغە.

## ئەستێرەی حوبر

نامەوێ بەشێك بم لە كات، چۆنچۆنی هاوڕێ بین
بە سووكە لێكنەگەیشتن و قوونە شەڕیشەوە
بەڵام دەستەمۆی میلی كاتژمێری نەبم.

ئەی شاعیرەكان!
بۆ ئێمە گرنگە كڕنووش نەبەین/ ڕكابەریش نەبین
ئەوەی دەمانەوێ لەو نێوانە دەستمان دەكەوێ
بەڵام دەبێ نەسڵەمینەوە
وەك ڕووبار.

شانازی نییە لە كەسی تر بچم
لەگەڵ ئەوەی وەك هەر كەس ئاسایی دەژیم
ئەوەی جودام دەكاتەوە ئەستێرەكانمن
سرت و لەسەرخۆ گوێ بە هیچ نادەن
لەبری ئاسمان لەسەر كاغەزی سپیدا هەڵدێن.
دانسقەبە/ شكۆت لە خۆتدا/ مەیگۆڕەوە بە هیچ.

## دەرەوە... بێگومان دەرەوە تاریک

له شارێکدا
خەڵکێك دەژین
بە کەمێك یادەوەرییەوە.

حەشامەتێك لە شەقام
تەماشای هەورەکان دەکەن
تووتکەسەگی زنجیر لە مل لە سێبەریان.

شار لە بری خودفەرامۆش ڕابردوویان نیشان دەدا
کەسیرە و بێ ئیرادە
کەس ناوێرێ تەماشای ئاوێنەی بێگانە بکا.

بەو ڕێیەدا دەڕۆن کە دێتەوە هەمان جێ
دڵی خۆیان بەو بازنە بەتاڵە دەدەنەوە،
کە لە منداڵیی بۆ یاری دەیانکێشا بە دەوری خۆیاندا.

هەندێك كەڕەت شكاوی دەستی خۆیانن
ئەگەر پێداگریش بکەن بۆ مەبەستێك پڕکێشیان بۆ شکۆ نییە
ئەوەی لە یادیانە تەنیا نەفسی غەمگینی شکستخواردووە
بەرانبەر کەلەپووری چاخی بەردین!

لە شارێکدا
گۆڕستانەکانی بە پارەن مردنەکانی بە خۆڕان
نەخۆشخانەکانی بە پارەن نەخۆشەکانی بە خۆڕان
خوێندنگەکانی بە پارەن خوێندنی بە خۆڕان.

وەك دەمێك ددانەکانی تاقم بن زەحمەتە پێکەنین
وەك چاوی کەمبین کەم تینە سەرنجیان
نەك هەر هێندە
دایکخۆگێشن.

## تراویلکە

لەچکی بەربەریم ئاڵاند لە مەچەك
هێندەی ماچ پێوەیە بیکەیتە سەرت دەبێ بە تاج
بۆنی شیعریشی گرتووە،
بیکەیتەوە دەبێ بە باڵی سیمرخ.

دەستی سپی پڕ ئەنگوستیلە وەك ڕۆژی جەژن
لوغزی منداڵی و خۆشیی ڕابردووم بە بیر دێنێتەوە
کاتێك ئەو دەستە بۆ ناز دەخرێتە ژێر چەناگەوە.

لەچکی بەربەریم ئاڵاند لە مەچەك
وەك ئەو چەترەی
لە خۆشیی باران حەز ناکەی هەڵی بدەی.

سرووە بەو بەیانەی هێشتا هەڵنەهاتووە
گۆمیلکەی هونەری شیعری شڵەقاند
خۆیشی نەهاتووە

وێنەی.
وەك گۆدیڤا بەسەر پشتی ئەسپی خەیاڵ
بەو شەرمەوە لەچکی داکەند
وەك باران هات هەور لادات
لە تەپڵی سەرمەوە تەڕ بوو تا نووکی پێم.

## داڵغەیەک لەگەڵ کۆتر

ئەو کۆترە چی لە یادە؟ خۆزگەم بە خۆی
لەوەتەی هەیە بەو هێمنییە دەیبینم
نە کەس ڕقی لێی دەبێتەوە، نە هێندە دەفڕێ نەگەڕێتەوە
هەمیشە نزیکە.
هەست بە مەترسی ناکا
ئەگینا دەڕۆیی و قیڕوسیای دەکرد.

لە یادەوەریی باڵندەیەکی وەهادا خۆشی و ناخۆشی چییە؟!
ئەو وەهمەی ناوی ئومێدە لای ئەو چییە؟!
وەرزەکان دەگۆڕێن و ئەو ناگۆڕێ
سەروەت و سامان لە خەیاڵی ئەودا نییە
ئێ هەر ئەوانەش سەرچاوەی بەدبەختیین.

حیکایەتی تۆفانی لە بیر ماوە،
لە باپیرانییەوە پشتاوپشت بە گمەگم بۆی باس کراوە،

چ فەزڵی هەیە بەسەر مرۆڤەوە؟
ڕۆژێك نەمدیوە شانازی بە خۆیەوە بکا
لافوگەزافەی ئەوە لێ بدا،
لکە زەیتوونی هێناوە وەك پەیام
بۆ نووح.

من لای خۆمەوە جوانییەکەی موجەڕەد دەبینم
ئەگەرچی هێمایەك دەدا گەورەتر لە خۆی.
وەك ئەکتەری پرۆفیشناڵ
بێ هەڵە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە شانۆی وجوود.
چش، ئەگەر ناکەسبەچەیەك لە پەناوە بە ختوخۆڕایی
وەك ڕێوی پەلاماری بدا
پاداشتی بداتەوە بە تاپڕ.

شەرمەزار خۆم،
جنسی ئێمە کەی دەگات بە کۆتر؟!

## بێدەنگیی گەورە

کە بیر لەوانە دەکەمەوە خۆشم ویستوون و ڕۆیشتوون
بێدەنگیی دامدەگرێ
کاتێك پێکڕا هەمووشیانم دێنەوە یاد
بێدەنگیی گەورەتر دەبێ
لەوەوە تێدەگەم،
بێدەنگیی خودا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ.

# قەلەڕەش

**بۆ عەباس بۆسکانی**

قەلەڕەش لە دەرگا دەدا
بە ئاوازی بە ئاگا دێم. دەمێکە لە دەرگا دەدا
وەك ئەوەی بیەوێ بێتە ژوورەوە
شتێکی پێیە دەیەوێ بیگەینێ، یان ڕوونکردنەوە بدا

لەسەر مێزی نووسینم دەنیشێ
بە چاوی پڕ حیکمەت تەماشام دەکا
سەرئاو گەڕاوە هەمووی، وشکایی نەدیوە
تۆفان هێشتا نەنیشتووە.

بەو جلە ڕەشەی لە خەم و خۆشیدا دەیکاتە بەری
وەك قەشە لە کڵێسا بەرانبەر هەیکەل دەردە دڵ بکا
بە زمانی حاڵ پێم دەڵێ،
کەس چاوەڕێی قسەیەکی خۆش ناکا : قغ قغ!

ئەو ئاوازەی من تەفسیری بەد کرا.

سوپاس بۆ ئەدگار ئالان پۆ
شکۆمەندیی نیمچە خواوەند و نیمچە شەیتانی
بەیان کرد لە ڕستەیەکمدا: never more
"ئەوەی ڕۆیشتووە ناگەڕێتەوە."
قەناعەتێك، کەسێك پێی ناگا،
تاڵاوی جودابوونەوەی نەچەشتبێ.

بەو هەموو لوغزە لە ڕابردووی
بەو هەموو شکۆیە لە ئێستای دەینووسمەوە
بەو نیازەی بگەڕێتەوە ناو ژیانی ئاسایی
لە نیوەی ڕستەدا لێم تێك دەدا
کێهان ژیانی ئاسایی، کۆتیکۆ
کێڵگەی ڤان کوخ.

## وەک ئەسپی عارەبانە تێکشکاو

سڵاوێك ئەوەندەی سووڕانەوەی گۆی زەوی گرنگە
زەردەخەنەیەك بارتەقای تیۆری ئەنیشتاین.

دنیا، پارە و سوپا ڕای نەگرتووە
من و تۆ وەك دارەبازە بە کۆڵمانەوە
داینێ تا زووە!

ئەو کەسەی ئاوەڕۆی کۆڵان پاك دەکاتەوە
ئەو غازفرۆشەی بوتڵەکان دەگۆڕێ
ئەو گەنجەی پەمپی بەنزینی بەدەستەوەیە و ناهێڵێ دابەزی،
کاتێك سەیارەت فوول دەکەی.
سەرنجدان لە پەلکی گیا کە نووساوە بە پاژنەی پێڵاوی باغەوانەکەوە
سەرمایەی گشتیین.

وەك ئەو کەسەی پارە دەخاتە قودیلەی بەردەم مۆسیقاژەنێك
دەبێ بچەمێتەوە
هەموو سڵاوێك پێویستی بە نووشتانەوەیە.

دنیا عارەبانەی تێکشکاوە
من و تۆ ئەسپی ژێری
زووکە هەستەوە
بەرەو ژیانی ڕاستەقینە بە غار.

## یادەوەریی باوان

لە قوولاّیی دوور: پێیەکان،
لەسەر بەرد دەڕۆن. بەردی شینباوی ناو سەراب
دوای تۆفان.

پیاوێکی سوورەی نیمچە کەڵەگەت
ژنێکی سپیلکەلانە، بە بێدەنگی
لە خۆشی و ناخۆشییا
دەگەڕێنەوە حەسارێك، ژوورێك
فێنك دەکەنەوە.
پەنجەرەی دار نیوە کراوە،
وەك تەون، بای شەو دەچنێ لە دەوری لەشی نووستوویان.
بن میچی ڕەش نیمچە ڕووناك بە چرای خەون .

وەرزی درووێنە نزیکە، باپیرم وتی.
بۆنی خۆشی کێڵگەکان

پشتی کووڕی وەك گوڵەگەنم
تا بەرەبەیان شیر کۆ دەکاتەوە.

لە بەرزایی کاکێشانەوە دەنگێك بانگ دەکات:
(سوورە) دوام کەوە وەك سووکەڵە بە گەنجی.

میوانی ناوەخت! زوو هات، داپیرم وتی.
سێبەری بێوەژن زوو دەرکەوت.

بەیانی کە ڕۆژ گەڕایەوە
جێ و بالینگان چۆڵ
سەبەتەیەکی داپۆشراو
چوار قومری باڵ لێك دەدەن
لە دەوری کتڵییەکی سارد
دەپاڕێنەوە: خودایە!

هەر دەرگایە بۆ مورادێك کرایەوە
ماڵێك لەناو ماڵەکاندا
ماڵەکان لە چەند گەڕەکێك.

من تەنیا ئەوماڵەم لە یادە
بە ڕۆژ دارمێویێك سێبەری دەكرد لە حەوشەی
بە شەو باوكێك پێی لێ ڕادەكێشا
لە ژووری قوڕدا.

بە دوای باواندا
وەك ڕێچكەی شەمەندەفەر بە دۆڵەكاندا
وەك خوێنی خولاوە بە دەمارەكاندا
خاكی شینباوم تێپەڕاند،

تەڕایی هەورێك بردمی
بە ئەمانەت لای پنچكێك دینام بۆ خوێندن
كە گەورە بووم،

قەڵەمم گرتە دەست، نووسیم
لەبارەی وەرزەكانەوە
لەبەر ڕووناكیی بەفردا
بەهار، مەیی بە پەنجەكانمەوە.

شەوێك لافاو هەڵیكرد
كاریتەی بنمیچ شكا
مشكەكان هاتنە خوارێ
لەوساوە هەراسانین بەدەست مشكەكانەوە.

وەك فڕینی خاڵخاڵۆكە جێی دوورم پەلك بوو
وەك قۆزاخە كرامەوە چش لەوەی ڕووی دا

هێشتا گەنج بووم نامۆیی سۆسەی دەكرد لە دڵ
چاوی خومار بە نەرمە نیگا
كەوتە شاردنەوەی.

شەرم و گوناه لە كۆشی میهرەبانیی دایكم
جورئەت و نەترسی لە پشێنی باوكمدا،
بەو كۆكتێلە كەمێك مەست و كەمێك دڵخۆش
ویستم زۆر شت بگۆڕم.

جلی بەری ئەو دنیایە كۆنە
كە دەتەوێ تازەی بكەیتەوە دەدڕێ.

## کانی قڕژاڵە

مانگ خەریکە شێوەی دەگۆڕێ
لە گوفەکە گەورەکەدا سەگەکان دەحەپن.

مێردمنداڵ، دەمامکدار لە قەراخ شەقامی گشتی
دەسمایەی ئەمڕۆ لە کارتۆن و قوتووی بەتاڵ بە کۆڵەوە
بە دەنگی زیقن و بڵند هەواڵێکی سەیر تاوتوێ دەکەن:
مەترسیی تەقینەوە، نەك بۆمبی تیرۆر، تەقینەوەی خاك!

شارەوانی و فەرمانگەی ژینگە مشتومڕیان لە بارەی
خاشاکی شاراوەی بن زەوی بەو ئەنجامە گەیشت:
دەبێ بیری قووڵ هەڵکەندرێت بۆ گازەڕۆ
سییەکانی خاك بۆتە پەڕۆ!

لە دوورەوە چرای شار وەك دەنکە مرواری بزۆك
لەناو ئاوی لێخن بە زەحمەت دەبینرێن

بۆنی زبڵ لە نزیکەوە، لە دەستکێش و چەفیەی مل
لە هەوادا، خەریکە دەخنکێن.

مانگ مۆنە
وەك ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵێك دەبینێت هی خۆی نییە
کاتێك زبل زۆرترە لە خۆراك
زبڵدان گەورەترە لە خاك!

مێردمنداڵەکان بە پشتی پیکابێکەوە، پێدەکەنن
بە مرۆمۆچی شاژن!
بێباك لەوەی دەگوزەرێ لەسەر زەوی
نە بەرژەوەندی ئەوانی تێدا نە تۆزقاڵێك ئومێدیان تێدا.

قازانجیان لە خاشاکدایە تا ئەو ڕۆژەی خۆشیان دەبن بە خاشاك!

## له خوداحافیزیی دۆستێکدا

به خاکەناس خۆڵیان بەسەر داکرد
دوا جار خاکەناسەکانیان فڕێ دا
به دەست کەوتنه کۆکردنەوەی گڵ
بەردی گەورەیان لێ پاك کردەوە
ئەوجا ، گۆڕیان هەڵهێنا وەك مەتەڵ!
به پێیەکان پەستایانەوە، پێڵاویان پاك کردەوە
ئەوەی شاردیانەوە،
زەندیق! ئەوها ناویان دەهێنا
به نزیکەی چارەگه سەعاتێك
پیری یاخی حەفتا ساڵەیان شاردەوە
ئەلفاتیحە.

ئیماندار و بێئیمان به هەمان کلێشه تەلقین دەدرێ
ئەهلی مەیخانه و ئەهلی بەرماڵ به هەمان تەدارەك دەبرێ
مردن ماڵێکی گەورەیە جێی هەموومان دەبێتەوە.

لە کاتی گەڕانەوەدا
سەرزەنشتی ئەوانەم بە بیرهاتەوە کە بەدوای بیانوو دەگەڕان
بۆ تەکفیرکردنی.
ئەو پیاڵە بەتاڵەشم بەبیرهاتەوە کە ئێوارە چاوەڕێی دەکا
لەسەر مێزێکی نادی فەرمانبەران
بۆ مەستبوون
بە دەم گۆرانی هەر سەیدزادێکی ئازیزەکەم!
تا دەنگی دەنووسا و پێی نەدەوترا.

برادەرە ئازیزەکانم مردن
هەریەکە و گیرۆدەی دەستی نەریتێک
مردن ئازادی کردن.

## ئاوازە نەمرەکان

لە دەوری مێز بازنەیان بەستووە
زیوی گۆرانی بریسکە دەدا
بە ئای ئای تەڕی ناو قامیشەڵان
کاتێك بە دوای مراوی کێوی قوڕگیان، ڕاکەڕاکە
سەرئاو دەگەڕان.
کەمێك غەمگینە ئاواز
لە بنچینەدا مەبەست خۆشییە
بۆم تێکە لەو نەغمە، شەراب، پیاڵە پڕاوپڕ

من لەبەرخۆمەوە بە منگەمنگ دەیڵێم
نەك ئەوەی جەماعەت دەیچڕن
ئەوەی دڵی خۆم دەیەوێ
ئاوازەکان یەك ئاوازن
با وشەکانیش جیاواز بن

ئەوان دەڕۆن من دێمەوە
لە ناوەڕاستی ڕێگادا دەگەین بەیەك
وەك سپێدە لەبەر دەرگا.

# هەموو سەفەرێک بە غەمگینی

لەبەرچی هەر جارەی سەفەر دەکا ئەو شەوەی لێ تاڵ دەبێ
هەمیشە مەزەندە دەکا شتێکی بیر چووە.
بەیانیی زووە. جانتای سامسۆنایت ئامادە لەبەر دەرگا
قاوەیەك دەخواتەوە. نە کەس هەیە خوداحافیزی لێ بکا
نە یەکێك دەیبا بۆ گەراج.

دەرگای حەوشە لە دوای خۆی دادەخا. تاوێك دەوەستێ
ئەو ئاسنە شینباوە کاڵ بۆتەوە
بەڵام دڵی پێ خۆشە. لەم جیهانە قفڵێك هەیە،
کلیلی لای ئەمە،
هەموو سەفەرێك دەیخاتە جانتای ملییەوە
جارجارەش تەماشای دەکا بۆ دڵنیایی.

لە هەموو ڕۆیشتنێك دەترسێ، بە پێچەوانەی هاتنەوە
دەزانێ لە یەکیاندا ناگەڕێتەوە.

وەك بەلەمێك بایەوانی تێکشکابێ شەپۆل دەیبا
لێی مەعلووم نییە بۆ کوێ؟
وێنەی ئەو شەپۆلانەی لە چاو ون نابێ
کە لەسەرخۆ کپ دەبنەوە دوای نوقمبوونی.
بەو غەمگینییە دەمێك ساڵە دەژی بێباکیشە.

## شکۆی ئێوارە

بە دوودڵییەوە تەماشای ئێوارەی دەکرد وەختی ئاوابوون.
گردەکان سەریان هەڵبڕیوە بە دار سنۆبەرەکانەوە
ئەو جوانییە هەرکێ ببینێ شانازی بکا هەقی خۆیەتی.

لەگەڵ زەردە زۆر شتی هاوبەشە شاعیری ئێوارە:
ڕەوە ئەسپی دیمەنەکان، بێ شەقەی قامچی پێشە خۆی دەدا
لە بەرزی و نزمیی هەورەکان.

ئێوارە ڕیتمی ژیانی ڕاگرتووە
وەك ئەو شەپۆلانەی ناگەن بە ڕووی ئاو دەگەڕێنەوە
دەبن بە هەوێن بۆ شەپۆلی گەورەتر.

خۆشەویستییش وەهایە،
بە هێمنی ئێوارە دەڕوا و شتێك جێ دەهێڵێ
ئەو ڕووبەرانەی دەمێننەوە وەك فەزا، لە نێوان وشە و مانادا

مەودای دەربڕین فراوان دەکەن سێبەریان.

بە بیرم دێتەوە،
جار جارە دایکم کەلە پووشکەی بەو بالووکانە دادەهێنا
کە لەسەر پەنجەم هاتبوون. دەیوت، ئێوارە! بیانبە لەگەڵ خۆت.
دەیزانی ئێوارە هەتیوێك نییە بە تەنیا ملی ڕێ بگرێ
وەك پادشا! حەشاماتێکی لە دەورە.

کە گەورە بووم ئەو گرێیانە گەورە بوون
وەك ئەو گردانەی،
گەورەتر دیارن کاتی ئاوابوون.

ئێوارە دنیای خامۆش کرد
وەك ئەو پیرەی کووڕەکووڕ دەڕوا
چاوی لەژێر پێی خۆیەتی
خەیاڵیشی دوور.

## بتەوێ لە شیراز

ژنی ڕیسێپشنی ئوتێل
بە دەمولێوی ئەستووری (لێیهاتبوو)، فەرمووی لێ کردم.
بە فارسییەکی سەقەت تێمگەیاند،
دەچمە لای حافز.
(هەندێك جار هەڵەیەکی بچووك دەبێ بە بیانوو،
بۆ گفتوگۆی دڵگیر).
بە زەردەخەنەوە وتی، تۆ زیندوو و ئەو مردوو!
وتم، حافز نەمردووە.
من ئەو نابینم ئەو من دەبینێ!
بە نیگای ئەفسووناوی، مەگەر شیعر تێی بگا
وتی، فەرمایشتتە.
پێویست بە وەرگێڕان ناکا تێگەیشتن لە چاوی.

شارەزای شیراز نیم، کورتترین ڕێم نیشان دە.

چاوی داگرت، بە مانای، کورتترین ڕێ!
ئەو ڕێیانەی یەکسەر دەچنە ناو دڵەکان
ڕێی داپۆشراو بە نەرمە سەرنج و هەڵکێشانی مەمکدان.

تەختی جەمشیدت بۆ چییە؟
ئەو تەختە نەرمە بە دوو سەرینی ئاوریشمەوە
دەتباتەوە ڕۆژانی حوکمی ئەخمینی
دەرگای میللەتان چەند بستێك خوارترە لە ناوك
هەر ئەوێش کۆشکی داریوشی یەکەمە!

مێژووی ئەم خاك و مەملەکەتە وەك کریستاڵ ورد بووە
لەژێر پێی عەمامە ڕەشەکان.
سیمرخ بۆتە بەرد، نافڕێ مان دەگرێ بۆ نان.

دڵ لە دڵ مەدە لە ئاست دەرگای بە عاستەم پێوەدراو
دڵ مەشکێنە، زۆرن دڵشکاو
لەسەر شۆستە و بن دیوار
ئەو کوکوختییە نێر و مێ خۆڵەمێشییانە لە هەموو جێ
خاوخاو دەسووڕێنەوە بۆ دەنکە گەنمێك.

دڵم بدەوە ئەی حافز دڵم بدەوە
پۆڵای کۆن و ئاسنی نوێ
غەزەلی تۆ و شیعری مۆدرنی من
لە کوورەی عیشقدا.

بتەوێ دڵنیا بیت لە شیراز
چاوێکی نیان بکە بە دۆست
تۆش وەك حافز! دەست بخە ناو دەستی.

گوێ مەدە کەڵەکەی ساڵەکان
دڵ وەك پشکۆ گەرمە لە بنیان
تراویلکەی پیریش تا ڕۆخی قەبر هەر ئاوە!

## بنچینەی عەرش

کوترەشینکە لە هەموو سووچێك هێلانەیان داناوە
بە دەنگی باڵەکانیان بەئاگا دێم هەموو بەیانییەك
ئەگەر ئەمە بە ئومێد حسێب نەکرێ
ئەدی،
گوڵکردنەوەی باخچە،
هێلکە دانان لە کولانە، گیزەگیزی هەنگ؟ ئەمانە.

دەربڕینە سادەکان لەسەر لەوحی وجوود
مانایان فراوانترە لە بوونیان
وەك باڵی سارۆف بەسەر عەرشەوە.

لەو ساکەگۆڕە بەتەك یەکەوە پاڵکەوتووین
تیشکی خۆر لێمان دەدا
سێبەری خۆمان دەشارینەوە لە بن خۆمان
ئەسپی سینەت تاو دەدەی لەسەر سینگم

دەست بە بژی دادێنم، مەمکت دەحیلێنیٚ!
لەوحی وجوود دەلەرزیٚ بە دەنگی.

چ وروژانێکی مەزن وەك گاسن فەزای هەڵدڕیوە، چ لەززەتێك؟
بن هەر بەردێك هەڵدەیتەوە
کرمی خەیاڵێك دەجووڵێتەوە
ماری سڕی کۆنە یادێك دەردەپەڕیٚ.

# گوڵە وەرزییەکان

بۆ دەتەوێ بەهەشت بۆ خۆت دروست بکەی؟
ئادەم و حەوا بەو سادەییەشەوە نەحەوانەوە
ئەوکاتەی هێشتا مەرگ گەمەی لێ تێك نەدابوون.

خواردن و خواردنەوەی نایاب، مانەوە لە یەك شوێن
گوڵ و باغی ئەبەدی، میوەی هەمیشە گەییو
ژنی جوان و گوێڕایەڵ، شانەی دەستیان زێڕ
فەخفووری سەر سفرە زێڕ
پیاوی بێ گوناه و پۆشتە، خورت و ئامادە بۆ پەڕین.

کێ گەرەنتی دەدا زوو بێزار نابین
بێ گریان و پێکەنین
بێ دڵشکان و پەشیمان بوونەوە؟

کە بێزار بووین

شوێنی تر هەیە بۆی بچین؟
حەیف! بە مردوویی دەچین.

ئێمە کە گوڵی کاتیین تەمەنمان تەنیا وەرزێکە
بە وەهمی وەرزەکان دەژین.

## داری شەکران

حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە،
گۆپاڵێک!
مەعلووم نەبوو دەژی
بەڵام نیشانەیەك پێویست بوو بۆ سەلماندن.
ئەو دارە گەورە بەو هەموو لقە ئەستوورە
ڕێڕەوی ئەو گۆپاڵەیە.

لە دوورەوە وەك ڕێی کاکێشان شەبەنگی ڕووناکە
کە لێی نزیك دەبیەوە،
پارچە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگی مراز خەریکن دەفڕن
بە لکی بەرز و نزمەوە.
چرچولۆچی قەدی وەك دەموچاوی پیرێك
بەژنی وەك ژنی کەڵەگەت.
هیچ شتێك لە ختوخۆڕایی نابێ بە ئایکۆن!

خۆی بەو تاقانە دارە دەشووبهاند دێوانە و عاشقی وڵات
سێبەریشی جێی حەسانەوەی بێکەسان.

"زرارەتی" چیی ما شانازیی پێ بکا
دوای داری شەکران؟!

کەروێشکێك بەسەر گردێکەوە
گوێ قیت لەسەر دوو دەستی وەستاوە
چاو لە درەختێك دەگێڕێ بزرە، سێبەری دیارە.
بە درۆی تێمەگەن،
لەوە سادەتر نەمتوانی
بەرگری لە سروشت بکەم لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون.

## پاول سیلان

**بۆ ڕزگار شێخانی**

هەمیشە بیرم بۆ مەودا دەچێ لە شیعرەکانیا
وشەکان بۆ هێندە دوورن نایانگەمێ
دەنگی کرانەوەی ئازار هێندە نزیك.
ژیانبینیی چەند پێویست بە مەودایە.

بێدەنگیی مەرگ،
کە بە چاوی خۆت نایبینی، چ پێویست بە مەودایە؟

مەودای نێوان ئەوەی ناوترێ و دەمینێتەوە
ئەوەی دەڕوا، لەگەڵ ئەوەی نایێتەوە.

گۆڕ لە هەوا هەڵدەکەنێ
گرینگ نییە ئەوەی هەڵدەکۆڵێ کێیە
گرینگە بزانی ئەوەی هەڵدەکۆڵێ چییە.

لەو دیو چێوەی دەرکەوتنی، دوای ڕۆیشتنی

بە سەت تەرح خۆی دەنوێنێ

هەر یەکێکیان هەڵبژێری،

کە دەتەوێ بیگریە دەست

لە پەنجەتا ئاڵۆز دەبێ

دەبێ سەرلەنوێ هەڵیکەیتەوە

گلۆڵەی جوو، لە ناو مێژوو نا

لە زمانی

شیعرەکانیا.

## پەرەسەندن

وتیان، ئاگر بە ئاو دەكوژێتەوە
شۆڕشگێڕەكان وتیان: نەخێر... ئاگر بە ئاگر دەكوژێتەوە.
مەرگ وتی: ئاگر بە خۆڵ دەكوژێتەوە.
هەرسێكی كوژانەوەیە هەر یەكی بە مانایەك.
من مەیلم بۆ هیچیان ناچێ، كاتێك
سەرم كڵپەی سەندووە
دەریاش ناتوانێ دایمركێنێتەوە.
فیشەكێك دەتوانێ. لاپرەسەنێك دێتە نێوانەوە
خۆی هەڵدەقورتێنێ لە ژیانی كەسی و
ئەم ڕستەیە فڕێ دەداتە ناو گۆمەكەوە.
ڕستەیەكی كەمێك ناڕێكە، لەگەڵ ئەوەشدا
هەر سێ مانای تێدایە
ئەوەی گۆڕاوە چەقی دنیایە.

## ئەو ڕستانەی نانووسرێن

هەندێك كات زەحمەتە گەیشتن، بە ناچاری
وەك یاریكەری ئەكرۆپات لە بەرزاییەوە باز دەدەی.
وەك ئەندازیاری كارامە،
بیر لە دروستكردنی پرد دەكەیتەوە
بارتەقای مەترسییەكان گرینگ.
ئەو جۆرە پردانە دەمێننەوە، خەڵكی تر دێن بێ منەت دەپەڕنەوە.

هەندێك كات زبری ڕووە قایمەكان وەك نووسەكە!
كە دەتەوێ نەخشی خۆتیان بخەیتە سەر پێتەوە دەنووسێن.
لە دارتاشی بە سەلیقە دەچی؛ لە ڕەندەیان دەدەی
گوزارەش كە ڕەند بوو دەمێنێ وەك داری ماهوگانی.

شیعر یاری گەیشتنە بە شوێنی عاسێ

که دەنووسی وەك منداڵ عەقڵت پێ ناشکێ،
لە کوێیە مەترسی.
بە کراکی مۆرفیم و ئەرواى بژاردە سەرمەستی
ناخوداى ناو رەوێڵی شەپۆل
داشێلاوی ژێر پێچکەی قیتاری ڕستەی خێرا
لەگەڵ ئەوەشدا،
بەهرەی باریك و هەڕمێنی خەیاڵ
بەرهەستە زبرەکان
وەك باران دەشاریتەوە لەناو پێچی تەڕی هەورەکان.

## تارماییەکی سەربڕاو بە شاردا دەگەڕێ

**بۆ عەبدوڵڵا حەداد... دوور دوور**

پەیکەرێك دەبینم لەسەر قەراتێ هەور نایگاتێ
لەبەر ئازاری جومگە گۆچانی لە دەستە
لاربۆتەوە کەمێك
برۆی هێناوەتەوە یەك کەمێك، دوور دەڕوانێ.
دەستی چەپی درێژکردووە
ژنێکی عەبابەسەر بە بەدەن هەڵدەگەڕێ لارەلار لەبەر پیریی
دەستم بگرە عەبدوڵڵا!

پەیکەرێك،
هێشتا خوێنی گەرم لە دەماریا
هێشتا نیگای گەرم لە تەماشای
هێشتا دەستی چرچ لەمستیا
دەیەوێ بفڕێ.

نایەوێ بە چاوی کزەوە ببینێ، عەینەك لادەدا
بە ڕوونی،
چاو لە چاوی خواوەندەکان!
دەمێکە شار گرفتارە بەدەستییانەوە.

ئەو تارماییە سەربڕاوە کێیە؟
کەس نایناسێ؟
یەك لەدوای یەك جلەکانی فڕێ دەدا
بە ڕووتی،
لە جیاتی تەسلیمبوون، پێدەکەنێ!

پیرێژنی خانەدان لێی نزیك
بە چۆکدا دێ
قۆنداخی دەکا بە عەبا
وەك گەوهەرێك.

## گەشتی ڕووناکی

یادی شەست و پێنج ساڵەم کردەوە.
جارێکی دی لە خۆم پرسی:
دوای ئەو تەمەنە، ئایا خاوەن خەونی خۆمم؟

خەونەکان،
هەندێکیان بەردەوام دەیانبینم
هەمووشیان لە بارەی ترۆپکەوەن، مەترسیی گەیشتن.

لە خەونەکاندا لەگەڵ پیاوچاکان دەفڕم
لەبەر زەعیفی ئۆقرە ناگرم
لەناو هەوری پچڕپچڕ بە دندووکی هەڵەیەکەوە
بەردەبمەوە
دەبێ دڵ سووك بێ تا بەرگە بگرێ بە حەواوە.

له خەونی تردا
وەك پڵنگ گوێ بە هێزی گا نەدا پەلاماری قرقرتۆکی بدا
جەنگی من و دنیا لەو گا و پڵنگە دەچێ،
یان بازی باڵ تیژ و ماسی ناو ئاو
کاتێك باز دەدا، چڕنووکی بەهێز زەفەری پێ دەبا.

ئێستا لە شەست و پێنج ساڵیدا
لە ژوورێکی خوارووی خۆرئاوای ئاسیا
لە شارێکی کۆن لەبری ئاهەنگ و زەنا
گوێم لە سەمفۆنیای شەشەمی چایکۆفسکی-یە
خەونەکان سەر دەردێننەوە
زاوزێ دەکەن. نابڕێنەوە

لە تاریکییەوە بەرەو تاریکی دەڕۆین وەك ڕووناکی
بەزەییم بە خۆم دێتەوە،
ئۆدیسا چەند دوورە کە هێشتا نەگەیشتووم؟

## سبەینەکی کۆریۆلانس

بە پارێزەوە لە ڕووداوی کتوپڕ دەڕوانێ
بێزارە لە ڕۆتینی پەرەسەندنە خاوەکانی
وای لێ هاتووە نازانێ بەرەو کوێ مل دەنێن ڕۆژەکانی

لێشی مەعلووم نییە ئەوەی ڕوو دەدا چییە؟
چاوەڕوانی نامەعلووم مایەی مەترسییە
لەگەڵ ئەوەشدا، دەیەوێ زوو بیگاتێ
ڕەنگە خۆشیی مازۆشیانەی بداتێ.

بە تاسەی ئەو خۆشییە خەڵەتێنەرە ڕۆژ دەکاتەوە
ماندوو بە دەست هاتنی بەیانییەکانەوە.

لەناو جێگا دێتە دەرێ، هێشتا زووە
خۆرێکی زاگرۆسیی سووچێکی ماڵەکەی گسك دەدا بە تیشکی پاك

فنجانی چینی بەردەمی هەڵدەچێ وەك کەفی سەر شەپۆل
شنەیەکی باریکەڵەی ئەفریقایی جلەکانی بۆ ڕێك دەخا لە کانتۆر
کوکوختییەکی ئەندەنووسی نانی بەیانی بۆ ئامادە دەکا
مەزەندەی وەهایە، ئەم بەیانە جودایە
چاوەڕوانی لاشەی گەرمی ئومێدێکی هەلاهەلایە

لەناکاو،
خەیاڵی برۆنزیی دادەپۆشێ خۆڵەمێشیی هەستی نامۆ
خۆی وەکوو کۆریۆلانس دێتە بەر چاو لە ڕۆمای داماو
بڵێسەی ئاگرێکی نیرۆنی قوڵپ دەدا لە خوێنی.

هەموو ئەوانەی خەون و واقیعیان دژبەیەکە
بە عەزابی خولیاکان سەر دەنێنەوە.

نانی جۆی ئەم بەیانییە ڕووی دایکی دەنوێنێ، کاتێك
توند بەرۆکی دەگرت کە مەمکی دەمژت.
چادانەکە دەموچاوی گەرمی ژنەکەی دێنێتەوە یاد
ئەوەی لێی دەچۆڕا تام بوو بە هەڵمێکی بۆنخۆشەوە.
کەوچکی گچکەش منداڵەکەیە، هەمیشە ئامادە بۆ تێکدان!
ئەوانەی خۆشیانی دەویست لە کوێن؟

ئاوێنەی بێ جیوەن، جیوەی هەموو ئاوێنەکان لە کوێیە؟
لە جێی ئەوان یەك چاوەکان، نەوەی کوڕەکەی بوسیدۆن[١]
هەنگاوهەنگاو دەرگای ئەشکەوتی لێ دەگرن
بەرگی پڕ پینەی بۆ دەبڕن.

یادگارەکان کە دەمێننەوە پەرە دەسێنن لەناو خۆیاندا
شێوەیان دەگۆڕێ، بە جۆرێ
ژیانت لێ دەکەن بە چەندین لەتی خواروخێچ
بێ ئەوەی ببی بە خاوەن هیچ لەتیان.

وێنەی تەڵخی خۆی دەبینێ بەدەم شەقامەوە
وەك سەگی بەڕەڵا پارچە ئێسکی بە دەمەوە.

لە بەیانییەکی وەهادا ئاوێنە خۆی شکاند،
کۆریۆلانس[٢]!
لەبری پاڵەوانییەتی سەری بۆ خیانەت هەژاند.

[١] بوسیدۆن: باوکی سیکلۆپیی یەك چاوەکانە، قەومێکن هەموویان زەبەللاح. (ئۆدیسەی هۆمیرۆس).
[٢] کۆریۆلانس: سەرکردەی ڕۆما دژی ڕۆما چووە بەرەی فۆلسکایەکان لە جەنگدا. کتێبی (ژیاننامەی خانەدانەکانی گریك و ڕۆمان) بلوتارك.

# کۆنتراست

هەر ڕۆژە و شتێکم تێدا دەمرێ
بۆ ئەوەی ڕێ خۆش بکا،
شتێکی نوێ لە دایك بێ.

گلەیی لە کەس ناکەم، چارەنووس وەهایە
هەریەکە و لە پێستی خۆیدا
دڕندەیەك بەخێو دەکا ناوی گەورەبوونە!

هەر ڕۆژە و شتێکی نوێ لەدایك دەبێ
لەو جێیەی شتێکی تر دەمرێ
حەیف! بۆ منداڵیی
ئەوەی شوێنی دەگرێتەوە مردنە.

# دیزاینکردنی خەون

کێن ئەوانەی ساتەوەختی نووستن لەگەڵماندان؟
عادەتەن، لەو کاتانەدا ئەوانەی دێنەوە یاد
دڵشکاوەکان، یان مردووەکانن.
چ عادەتێکی خراپە ئارامییان تێك دەدەی
لەگەڵ خۆت مەشغوولیان دەکەی
کە دەشنوی لە زڕەخەونێکدا هەراسانیان دەکەی
لێیان گەڕێ ئەوان تاقەتی خەونیان لەدەست چووە.

ورچیش لەناو تووکی نەرمی خەون دەبینێ
خەون هەر خەونە، ئەو لێکی ناداتەوە، یان ڕاستتر ئەوەیە
لە یادی نامێنێ وەك مێشێك بە لمووزیەوە
بە سەر لەقاندنێك دووری دەخاتەوە.

کەس وەك تۆ گرفتارە بە دەست خەونەوە؟

دڵی خۆتی بۆ دەکەیتەوە/ لێکی دەدەیتەوە/ بە باڵای خۆتدا دەیبڕی
گۆزەی شەوگارە لە دەستتدا دەکەوێ/ دەشکێ
هەر پارچەی لە تەمەنێکدا بزر دەبێ
کە دەگەیتە لێواری تەمەنەوە ئیتر دووریان دەخەیتەوە
وەك پشیلە، ئەو خەونانەی پشی پشیت بۆیان دەکرد.

سێ بەشی بلیمەتەکان گیرۆدەی خەونن
خەونە شێتەکان، ئەوانەی لە هیچ شوێن ناحەوێنەوە
تەقەتەقی پێیان دێ لە ڕاڕەوەکانی سەرمانەوە
پاسەوانی داوەرەکانی خۆشیهێن و خۆشیبەرن.

کیسەڵ هەموو تەمەنی خەون لێك دەداتەوە
پەپوولەش بە گەنجی دەمرێ
خەونیشی کە گیر دەخوا لە شوێنێك یەکسەر دەفڕێ

تۆ کامەیان بە؟

## باڵی کراوە

لە دوور دوورگەیەك دیارە لەبەر تیشکی خۆر
لەناو شینایی ئاوێکی گەورە
لە خۆم دەپرسم، ئەو جێیە کوێیە؟
لەناو قووڵایی تاریکی شەویش شوێنێك دیارە
ڕووناکی هەموو ئەستێرەی لێیە
لە خۆم دەپرسم، ئەو جێیە کوێیە؟
لە ئۆقیانووسی بێ بنی وشە شوێنێك دیارە
کەفی هەڵچوونی گشت ڕستەی لێیە
لە خۆم دەپرسم، ئەو جێیە کوێیە؟
قامیش و زەنەك ڕێیان گرتووە
هەرچەند دەمەوێ گوێیان پێ نەدەم
لەپڕ تەڵەیەك توند قاچم دەگرێ.
دەنگی خودانی شیعریش پێم دەڵێ:
زەحمەتە گەیشتن
باڵت بکەوە

# کێوە بێگوناهەکان

سەر شۆڕ دەکەمەوە سەر نەخشەیەك
پەڵەی کێوەکان وەك قاوەی ڕژاو بەسەر کراسێکی سپییدا
وەها دیارە.

کێوی داماو،
متمانەبەخش و لە هەمان کاتدا نائارام بۆ کوختەکان
دەبوو جێگەی ئاسوودەیی بان.

وەك بارستایی خوێنی مەیبون
کە خوێن مەیی، ڕابردووی ناناسرێتەوە
خوێنی پیس و پاك چۆن جیا دەکرێتەوە؟

جەنگەکان لەوێ دەستیان پێ کرد
تا گەیشتە ناو ئێسقان.

نەریتی هۆڤیبوون
وەك ڕەگی پیری سەر تاشەبەردی چاخەکان
چەکی دەستی براکان گەرمن
گەرمتر لە خەونی مرۆڤبوون،

لە پشت ئەوانەشەوە جەنگی مانەوە
کام لووتکە زۆر دوورە لە جێی سەیرانگە و تلرفریك
تەنراوە بە سیمی دڕکاویی داگیرکەر.

فاڵگرەوە گومانیان دەکەن،
لەم خاك و مەملەکەتە پێغەمبەرێك کوژراوە.
پێغەمبەری فاڵگرەوەی
هەتککراوی دەستی خۆمان.

## گەمەی مەرگ

کراسە سپییەکەی باوکم پیس بوو
دایکم چوو بیشوا.
لە ڕۆخ جۆگەی مەرگدا،
جلەکانیان لەسەر لقی شۆڕەبیەك شۆڕ بۆتەوە
بەیەکەوە یاری دەکەن وەك دوو قومری
هەموو شتێکیان لە بیر چۆتەوە
مردن نەبا کێ ئەوانەی دەگەیاندەوە یەکتری؟!

# ڕابیعە

**بۆ یادی دایکم**

ئەو فرمێسکانەی
لەسەر جلك و کتێبی مەکتەب و بووکۆکە جێمان هێشت
بۆنیان پێوە گرت.

جلکەکان بەو بۆنە کۆن نەبوون
کتێبەکان هەر پەڕەیەکی فڕی بۆ ئەستێرەیەك
بووکۆکە گەورە بوون لە ماڵە مێردان
بۆ نەگبەتی.

لە جێی عاسێ تەقەت دەکران،
کەچی لاسار و نەفام بوون بەرزەفت نەدەکران
فرمێسکەکان.

ئاوی چاوی خۆت قاچاخ بوو
لە کوێوە دێ، دەڕژێتە کوێ؟ دەیانپرسی.

جۆگەی کەسمان نەگەیشتە جێ!

هەندێك جار لە نوێژدا دەگریام
وەك ڕابیعەی عەدەویە بۆ عیشقی خودا، لە بنچینەشدا
مەحرووومی خۆم بوو لە دنیا.

فرمێسك وەك شیری مەمك نەدەڕژا، دەبوو بە گرێ
مرۆڤبوون بە چنگەڕنێ،
بەو گرێ و گۆڵە ترسناکە هەڵدەگەڕا.

چۆن چۆنی بە کەسکی مایەوە تا مردی؟

## لەناو نوێنی نەخۆشیدا

لەناو نوێنی نەخۆشیدا چاوم گێڕا
بن سواندەی ژوورەکەم پڕ چۆلەکەی گەردن زەردە
ئەو چۆلەکانەم پێشتر نەدیوە.
ئەو شوێنەی تەماشام پڕ سنۆبەری تێر ڕەنگە
نازانم کەی شینبوون
هەست بە سێبەریان دەکەم.

لەناکاو،
تای بەرز و وڕێنە دەبێ بە گۆم
لە ئاوی ئەو گۆمە خەریکە دەخنکێم.

جومگە و ماسولکەم ڕێ نادەن پشوو بدەم
بە پەلی ئەسپی ڕەشەوە گرێ دراون
ئەسپەکان غار دەدەن
جومگە و ماسوولکە و ڕستەی شیعرەکان پێکەوە دەپچڕێن.

گورگ و کەمتیار لێم کۆ دەبنەوە
گازم لێ دەگرن
هەر پێست و ئێسقان دەمێننەوە.

لەناو نوێنی نەخۆشیدا
بازنەی ڕیشۆڵەی هاروهاج بە زاقوزریق بەرزم دەکەنەوە
لە بەرزاییەوە هەڵمدەدەنە ناو دڕکەڵانێك
جەستەم دەبێ بە مێرگی گوڵاڵەسوورە.

٢٠٢١/١٠/١٨

## ساتە درێژخایەنەکان

بەدیار چرای کزی زیندانەوە بە فرمێسك بیر دەکاتەوە
بە دڵۆپی ورد، دڵی بەردی شەو کون دەکا.
هەوای ساردی پشت پەنجەرە دەیەوێ پەشیمانی بکاتەوە
نایەوێ کۆڵ بدا.
زۆر بیانووی بەدەستەوەیە
دیارترینیان پەشیمانیی ئەو ڕۆژانەیە،
کە لەدەست چوون و دەیەوێ تۆڵەیان بکاتەوە.
بە دیاریکراوی نازانێ،
بەڵام نایەوێ گشت هەلەکان لەدەست دەرچن.

هەستەکانی چڕ دەکاتەوە لە چەند کورتە ساتێك
ساتە کورتەکان دڵمان خۆش دەکەن.
لەم ڕستەیەوە دەگا بە قەناعەتێك، نیمچە نادیار
وەك مانگی بە حاڵ دیتەی پشت هەور تریفە دەهاوێ.

ڕابردوو بارێکە دەبێ دایبنێ

داهاتوو چییە؟ لێی ڕوون نییە
دەبێ زەمەنێك بدۆزێتەوە لە هیچیان نەچێ!

هۆڵێکی سارد، خامۆش بە پرخە و نووزەنووز
چرایەکی کز هەردەم داگیرساو
دڵێك خەریکە بە باسکەمەلە بە ئاوی شەودا دەگاتە بەیان.

وشەیەك هەیە پێشتر نەیناسی، خەریکە لێرە دەبێ بە ئاشنای
شۆڕەبی کەنار جۆگەی ئومێدێك
پەلکی تەڕ دەکا،
ئەوەی خەریکە لە ناخۆشیدا دەیناسێ.

لەسەر جێگا بە نیازی خەو چاو دادەخا
چەپکێك ڕووناکی لە گڵێنەوە دەڕژێ هەتا دوورترین دەمار
سپێدەی ناخی، بەر لە سپێدەی بەیانی هەڵدێ.

## ڕاهێنان لەسەر پیانۆ

**بۆ داهێنەرێکی گومناو**

چرایە لەناو بازنەی تەمتومان
خانەدان لە مەجلیس
هێمن وەکوو ئۆقیانووسی دوای تۆفان.

دانایی حەرف و وشەی ئاوازدار هەورە لە نێو پەنجەکانی
شیعری شیك و بە ئەتەکێت بارانی خەیاڵەکانی.

کتێبی نووسیوە بارتەقای تەمەن، لەگەڵ ئەوەشدا
ڕاهێنان دەکا لەسەر مۆسیقای شیعری بلیمەت
هەستێك هەموو کات لەگەڵیدا
مایەی خۆشیی بەردەوامی
وەك ئەوەی سەرەتای نووسینی بێ
وەك باڵندەی سەر ڕووی ئاو بۆی دەکەوێتە سەما.

ساڵانێکی گۆشەگیریی لە خەڵوەت
بەو نیازەی گۆشەیەك،
ڕۆژێك دەیکا بە سەدەف!

پێچەوانەی ئەوەی باوە دەنووسێ
گونجاو لەگەڵ دڵی خۆیدا
دوورگەیەکە لەناو دەریای بێسنوور
ئەگەرچی زۆر نزیك نییە
بەڵام هێندەش دوور نییە کەس نەیگاتێ.

لە دوای نووسینی هەر شیعرێك سوجدە دەبا
سوپاس و ستایشی وشە دەکا
کە ژیانی ڕزگار دەکا
وەك بەلەمێك.

سادەیی لە ڕووی، تەماشای
لێوانلێوە لە شەوقی ئەڤین
دڵەڕاوکێی بەردەوامیی ترسە لە دەربڕین.

ڕاهێنان لەسەر پیانۆ بۆ ئاواز و ژەنینە

بۆ ڕاهێنانی هەورە و برووسکە نشینە

## بەیانیی زوو

سنۆبەری شۆستەکان تازە سێبەریان کردووە

هەوای سارد، بە هەناسەی کرێکارەکان خۆی گەرم دەکاتەوە/

پۆل پۆل لە ڕۆخی شەقام وەستاون/ بەیانییە.

چۆلەکە قورگیان پاك دەکەنەوە بە جریوەجریو

ڕۆژێکی درێژیان لەپێشە.

جموجۆڵ هەمووی ئاساییە

ئامارەکان دەڵێن، ئەوەی ڕوو دەدا لە دەرەوەدا نییە.

چێشتخانەکە وەك عادەتی خۆی مێزەکانی ڕیز کراوە

باخەوانەکە وەك هەموو ڕۆژانی دەوام خەریکە بگاتە باخچەی گشتی

کەنناسەکان وەك پیشەی ڕۆژانە زبڵی شەو کۆ دەکەنەوە لە شەقام

هەموو شتێك ئاساییە

ئەوەی نائاساییە هەواڵەکانن:

جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا / گرژیی چین و تایوان/

مەترسیی تورکیا بۆ ڕۆژئاوا/ خۆپیشاندانی شیعە /

سەرباری گرانیی نەوت و بەنزین و...هتد.
منداڵێك  بەدیار سندووقی بۆیاخەوە
پێڵاوی پیسی گەورەکان بۆیاخ دەکا / بەیانیی زووە.
ئەم دیمەنە دەکرێ هەواڵی یەکەم بێ لە هەرێم.
وەك ڕستەی ناو کتێبێك ڕاتبگرێ
کتێبەکە دادەخەیت و چاو دادەخەیت لەگەڵیا
دەتەوێ لە بیر خۆتی نەبەیتەوە
بەڵام پیریی فریا ناکەوێ.
شوێنەواری تاوانێك دەبینی و تاوانبار دیار نییە.
دەتەوێ تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەی، دەڵێی چی؟
لە دەرەوە هیچ دیار نییە.

## گۆرانییەک بۆ خۆم[1]

لەناو داهاتوو بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێ
ناونیشانی زۆر زەحمەت نییە
بەڵام کە مەست بوو ڕەنگە لێی تێك بچێ.

(گۆمی پوونگ) گەڕەکی، (پیاسەی پەپوولەکان) دەرگای
(دوا قومی خۆرەتاو) جەڕەسی
پارچە پلێتی سەر دەرگا لێی نووسراوە: ماڵی بەفرنووس!

ئەگەر زستانە (بەفرەلۆك) بەرپەنجەرە بەرنادا
ئەگەر هاوینە تریفەی (نیوەمۆر)
وەرزی تر نالی لە (حەج) هاتۆتەوە، یان
مەولەوی لە هەورامان.
دەفڕەنین (شەوی دووەم)ی
کوێریش نزرگا بەو دەفڕەنینە دەناسێتەوە.

---

[1] "گۆرانییەك بۆ خۆم" ناوی شیعرێکی واڵت ویتمانیشە.

ئەگەر ئەمانەش فریا نەکەوتن،
(گەیشتن بە ئاگر) وەك قەقنەس.

(کێڵگەیەکی گەنم) وەك ئەلفابێی برایل دەیگەینێ بە خەرمان
(کتێبی ڕەش)یش وەك ئەستێرەی کاکێشان
خوێنەر نابێ بخڵەتێ بە گوڵەئەستێرە.

وەك پیری پڕتەمەن ناوی فرزەندی لە یاد کردبێ، یان
لەبەر چاووزار نەیەوێ ناویان بێنێ
لە کورتی دەیبڕێنێتەوە، ئەمانە جگەرگۆشەکانمن.

چەشنی ڕستەیەك نەیتوانی بینووسێ
لەبەرخۆیەوە منگەمنگ دەکا
ڤالیۆمی وشەی بێ حەد شیرینی کوردی لەژێر زمانی.
ئامان هەی ئامان! لەو ڕۆژە.

## لاواندنەوەیەک لە شرناخ

دووکەڵی خۆڵەمێش، لوتکەی دوور
کێونشین ئەو وەختەی ساڵ ئاگر دەکەنەوە.
ئەو ئاگرە لە هی وان ناچێ!

ڕەوەند و شوان بە ترسولەرزەوە
وەك بازی مل بە بازن ناتوانن دوور بکەونەوە.
لە بورجەکانی چاودێرییەوە سەربازەکان کوێرانە تەقە دەکەن
لە نزیك ئەوانیشەوە خەونی کۆنی باپیران،
چڕنووکی گیر کردووە لە کۆڵکەدارێکی سووتاو.

جووڵەی خاوی سقیلی بێدەرەتان
لە ترسی گڕەگڕی ئاسمان،
دەوەنەکان بە عاستەم دەلەرێنەوە.

لە کونی ماڵەکانەوە، لایلایە بە زمانی شیرین

وەك ماددەی قاچاخ بە كونی گوێچكەدا كووڕەكووڕ بە دەنگی نزم،
بنو ڕۆڵە! لەوەش زیاتر.

كە گەورە دەبی
بە حاڵ دێتەوە یادت،
توركی دڵڕەق، نوێژیان دەكرد تا خودا یارمەتییان بدا
بمانكوژن لە شیرینخەودا.

كە گەورە دەبی تێدەگەی
سەركردەكان شتێكیان لە مێشكدایە، خولیایە
خوێن چەند دەڕژێ قازانجی ئەوانی تێدایە.
هەموو شت بە ڕوونی تێدەگەی،
بەردی ئەو دۆڵ و كێوانەش حاجەتی بە ئاشتییە.

دەست هەر بۆ نزا بەرز ناكرێ
سڵاویشی پێ دەكرێ.

وەك لوتكەی كێوێك زووتر گزنگی بەركەوێ
هێندە بە پشتی ئازاردا سەركەوتین

تاوێرەکان لەژێر پێماندا
ئێستاکێ نزیکین لە خودا.

زەمەنێك ڕابورد، بۆ هاتنی زەمەنی دێ
پێویست ناکا هەستینە سەر پێ
لە شوێنی خۆتەوە هەموو شت دیارە
جیهانی جیاواز، هاواری جیاواز
کوشتنی لە خۆڕا و بێ هۆ، هێشتا هەروەکوو خۆیەتی.

## باخچەکەی لای مێرەمەدیان[1]

باوکم دێراوی هەڵدەدڕی بە کەردوو[2]
لای دەسکەدارەکەی لە سنگی گیر دەکرد، بە هێزی بازووەکانی
دمکە ئاسنەپانەکەی لە خاك دەچەقاند
کە نۆرە دەهاتە سەر من، لای گوریسەکەم ڕادەکێشا
خۆڵ و کەستەك دەکەوتنە سەریەك
بۆنوبەرامە هەڵدەکشا.
بە هەردووکمان جۆگەیەکمان هەڵدەداوە
هەنگین شەتڵیان دەچاند.
هەندێك جار تیرەمارێك دەردەپەڕی
ڕزگاری نەدەبوو لە کەستەکی باوکم، بۆ مار نیشانەی ڕاست بوو.
کەیفم بەو دیمەنە دەهات.
ئەوە پێش پەنجاوقسوور ساڵ
لەوساوە ئیتر ئەوەی ئەو دەیچەقاند من هەڵم دەداوە

---

(١) مێرەمەدیان مەزاری کریستییانەکانی هەولێرە، شوێنی تەیارەخانەی ئێستا.
(٢) کەردوو: ئامێری دێراوهەڵدڕین.

ئیشی من ڕاکێشان بوو!
ئێستا فیلمە موغەوەشەکە لێ دەدەمەوە
خۆڵ لەناو دیمەنەکە کشاوەتەوە
لە لەقتەیەکی دووردا چۆتە سەر سنگی باوکم
کەستەکەکان کە ورد دەبن لەبن پێم دەنگیان غەمگینترە
شەتڵەکان هەراش و پڕ بەرهەم
مارەکان زاوزێیان کردووە، مێرەمەدیانیش ناوی گۆڕاوە
ئەوەی زۆر نەگۆڕاوە منم
لە بن ئاسمانی هەورین هەر خەریکی ڕاکێشانم.

# بەیانیی هەموو ڕۆژێک

دەنگی بێدەنگی باپیرم دەزرنگێتەوە، سەڵەوات
وەك دەنکی مێوژ لە زاری، یان کزەبا
لەسەرخۆ پەلکی چنارێك بخاتە جووڵە
هەموو شەو تا بەری بەیان، گوێم لێیە
لە ڕێی خەیاڵێکی باریکەوە دێتەوە یادم

دەمێکە قەرزاری ئەو ڕۆحەم، دەمێکە
بە تاسەی ئەو مەلە سپییەم بێتەوە
لە ڕۆخی کەنارێك هەڵنیشێ، پێکەوە
دەنووك لە لمی تەڕ وەردەین
بە خۆشیی بەهەشتێکەوە.

نزیك لە دڵی خۆمان، زۆر دوور نەکەوینەوە
خودا هێندە دوور نییە تا دوور بڕۆین
لە یەکەم پێچی گەڕانەوە، لە بن پێستی

گەرمیی سەر ڕووی منداڵێك

دەیبینمەوە،

سۆفی خدر! بەیانیت باش.

## بای ڕەشی ئەنادۆڵ

**بۆ نوورەدین زازا**

بۆنی مس و ژێرزەمینی کانزاکان لە ڕۆخ دیجلە،
لەولاشەوە بەهەشتی کراوەی حەوزی پڕگوڵە زەنبەقە
دار چنار و کۆسپەی قەوزە لێ نیشتووی باخ
دەنگی بە چرپەی کۆسما[1] لە تەویلە
حەپینی غەمگینی گورجین[2]، لوورەی زریانی سیبریا
لە قۆقازەوە، چەندین شەو و ڕۆژ ناحەسێتەوە لە مادن.
هەموو ئەمانە شایەتن،
سەعات پێنجی سبحەینە بوو، ستێرێك
بە دەستی نارخاتوون[3] قۆنداخ کرا
لەبەر شەوقی پێستی سپی ڕووی ناویان نا نورۆ!

نەورۆزێك و دووان، لە سێیەمیان

---

[1] کۆسما: مەیتەری ئەرمەنیی ماڵی نوورەدین (نورۆ).
[2] گورجین: ناوی یەکێك لە سەگە پاسەوانەکانی ماڵیان.
[3] نارخاتوون: ناوی مامانی نورۆ.

دەرگای گەورە داخرا
ئەسپەکان بەڕەڵای کێوان
بە پشتی لۆرییەك، وێنەی ئەتاتورك بە جامی پێشەوە
ژن و منداڵ و هەندێك بزگوڕ
بۆ گوندێکی ناو تورکان نەفی کران
مێریش بۆ زیندانی مێردین.

شۆڕش لە شاخ و دۆڵان زۆرهانی زەبربەدەست
دەنگی جەندرمە و ئەفەندی لە کوچە و کۆڵان.

ئاگرێك کەوتەوە پڕووشکی پەڕییەوە
بافتی ڕابردووی گشکی سڕیەوە
هەر بابا بوو خۆی لێ ڕزگار دەکرد.

بانگ بە ناوی خودا و سەرۆك لە مزگەوت
بوقی سەرکەوتن بە ناوی خەڵکەوە لە ڕادیۆ
لەبن میچی نزمیش نزا و پاڕانەوە
ئەوەی تورك نەبوو، بە تورك نووسرا
ئەوەی تورك نەبا... ئەرمەن و کورد و هەرچی با

تەپکەی پیلان لە لۆزان
گوریس دەبووەوە خوری
بە بیانگەی بەرژەوەندیی دەوڵەتان، بۆ سەگساری
خاکی ئەم کەوتە بەر کەڵبەی ئەو
قاچی ئەو لە قاچی ئەم گیر بوو،
کە ویستیان ڕاکەن، بەسەریەکدا کەوتن.

نورۆ هەموو ئەوانەی دیتبووی
لە بەفری شاخێك دەخوێندەوە
لە پەنجەرەی قیتارەوە، لە سۆفیاوە دەچوو بۆ سویسرا
وەك پەناهەندە.

دەنگی مۆسیقای ناو فارگۆنەکە لە دەنگی سەگەکان دەچوو
لەبەر بێدەسەڵاتی دەحەپین
لە دوورەوە.

ئارەزووی مانەوە، هەندێك جار
وڵات دەکا بە جانتایەك بە شانتەوە.

## هێدمەی بەردەم وێنەکان

وێنەکان هەڵدەگرین بۆ داهاتوو، چ گەمەیەکی غەمگینە، ڕاهاتووین؟

وێنەکان نە گۆشتیان پێوەیە نە دەمار تا خوێنیان لێ بچۆڕێ.

لەگەڵ وەشدا مەزەندە وایە، هێشتا زیندووون!

سووکە ئەندێشە، دوای تەماشا، دەیانباتەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوون

بەڵام گەڕانەوە زەحمەتە.

کە دەگەڕێیتەوە هێدمە دەتگرێ

بەدوای هێمایەک دەگەڕێی بۆ سەلماندن

هیچ نەما فریا بکەوێ، جگە لە کۆڵکەدارێک، یان بن دیوارێک

هەندێک جاریش دەرگایەکی کۆن

ئەوانیش زەحمەتی مانەوەیان چەشتووە، ڕەنگیان پەڕیوە.

وێنەکان هەڵدەگیرێن، بەڵام ژیان هەڵناگیرێ.

باڵی خەیاڵ دەکەمەوە

کە دەگەمە ئاسمانی ئازیزان

وەك ئاوێنە هەر هەستی خۆم لێ دیارە.

پەڕوباڵ هەڵخەڵەتێنە

زمانی حاڵ دەڵێ، ڕۆژێك، تۆش دەبی بە وێنە.

## منداڵی گژ پیری

لە ژیانی هەر یەکێکدا پرسیارێك هەیە: هۆی پیربوون؟
جگە لە ساڵانی تەمەن هۆی تر زۆرن.
نایشارمەوە، پیری ئەگەر دەرکەوتبێ
لە پێستی مل و ناوچەوان و سەر و قژما
شوێنی تر ماوە لە جەستەم زەفەری پێ نەبردبێ.

دوو چاوم هێشتا لە پشت چاویلکەوە،
ئاوی سپی بەو کەمەی داهاتووە، لێڵی نەکردووە.
گوێچکەم بەو وژەوژەی ساڵانێکە دنەی دەدا ڕاهاتووە،
خشپەی پەلکیشم گوێ لێیە کە دەکەوێ.
پێیەکانم بەسەر زەوییەوە نالەرزن
لە هەمووی گرنگتر دەستی ڕاستمە
سەوڵی منە لە دەریای بێ بنی نووسیندا.

کاتێك هەیە لە تەمەنی هەر یەکێکدا
ئەندامێکی جەستە دەبێ بە یەکەمین

فەزڵی هیچیان نادەم بەسەر ئەوی تریان
نازیان دەکێشم
دەستی ڕاستم بەسەر سەری هەموویاندا.

بەو زمانە تەڕوتووشەی شیعرم هەیەتی، بانگی خۆم دەکەم
کە هات منداڵیی لەگەڵدا نەبوو
وەك ئێسکوپڕووسك فڕێی دەدەمە بەردەمی سەگێك
چش لە گەورەبوون.

## جەنگی دۆڕاوی هەر کەس

بۆنی درەختم دەکرد. هەندێکی خۆش هی منداڵی
بۆنی شیری خاو، میزی ناو بلوور
هی وەهاش هەبوو، تیژ و ناخۆش هی گەورەبوون
(بە تەوسەوە، ناویان نابوو: بۆنی تەگە!).

وەختی باڵقبوونی لق و ڕژانی شیلە
سرێشی قەد و پشکووتنی چرۆ.
لەگەڵ ئەوەشدا کەیفمان پێ دەهات.
بۆنی سمێڵی گوگرە و دەرپێی شەعادەی پڕ پەڵە (ئاوی بێئاویی!)
هێمای تۆغیانی هۆرمۆنەکان.

بۆنی درەختم دەکرد، ئەو کاتەی
دارستانیان دەبڕیەوە، بە بیانووی ڕەوشت و بافتەی کۆمەڵایەتی
هەندێک قسەی بێسەروبەری ناو شوێنی گشتی.

نا، نه پێویست به پۆلیسی ئەخلاق، نه سزادان
هەر له خۆڕا لەززەتی ساتەکان بەخشران
نەمامی تازه هەڵچوومان گۆڕییەوه به کۆڵکەدار!

ئەو زەوییە قاقڕە، قاقزی ڕەشنووسەکانمە
ئەودیوی قاف، ئیرۆتیکی خەونەکانمە
جێ دارستان، بەرد و کەستەك و چاڵی گەورەیە
بۆنیش هی کفنی مردووە!

گوێت لێیه ئەی سەندەڵی بۆنخۆش، ئەی شیعری یاخی؟

گۆشتی جیڕ و هەندێك ئێسقان
تۆسقاڵێك یادەوەری وەك هەوری هاوینە
بارانی دووره ئاڵاوی پەلکەزێڕینە.

بمەوێ تۆڵه بسێنم،
ئاگرێکی گەوره هەڵدەگیرسێنم.

## له کافێی لاڤازه

لەسەر کورسییە قاوەییە چەرمەکە جێی قوونم خۆش دەکەم
لاق لەسەر لاق، کەمێك دەنوشتێمەوە سەر مێزی بەردەمم،
ئێوارەیە.
ئەو جۆرە دانیشتنە بۆ ئەوەیە، باش بخێویێمە جوولەی پەنجەکان
کاتێك قەڵەم فریای نووسین ناکەوێ لەبەر هەڵڕژانی خێرای
ڕستەکان.

تازە نییەتم هێناوە، بابەت خەریکە ساغ دەبێتەوە
وەك تارمایی ناو تەم نزیك دەبێتەوە.

زەنگی کڵێسای ماریوسف ڕیتمی بیرۆکە خاوخاو دەبا
من خۆشیی ئەم کاتەم مەبەستە نەك هی کۆن.

خۆشییەك بگونجێ لەگەڵ دوا درەوشانەوەی خۆرەتاو
کە لار دەبێتەوە لە ئاسۆی تەماشای پێست ڕەشێك بە غەمگینی،
مژ دەدا لە قونکی بە سووراوی جگەرەی دەستی

جارجارە سەر هەڵدەبڕێ و نیگایەك دەكا
وەك بڵێ، هەردووكمان هاودەردین!
تۆ لە نووسین من لە ئەڤین، دۆستی خۆمان نەدیتەوە.
تەنیایی لەسەر دوو مێزی جودا
لەوە زیاتری لێ ناوەشێتەوە.

شیعری خۆم وەك تەونی جاڵجاڵۆكە، بەڵام لە داری چنار چنی
بە درێژایی شەقامی یەزداندوخت سێبەریان شۆڕ بووەوە
بۆ ئەوانەی تاك تاك و پێكەوە ڕادەبوورن و سووكەئاوڕ دەدەنەوە
نازانن چی دەنووسم، بەڵام مادامەكی دەنووسم؛ لە خۆیانم!

كەسێكم ئاشتیخواز، بێ دوودڵی دەتوانن
دڵی خۆیان بكەنەوە بەرانبەرم،
وەك لای قەشە كاتی ئیعتیراف.

خەریكە وەك مار توێكڵ فڕێ دەدا ئارەزووی نووسین
لەو كاتەدا،
ژنە پێست تۆخەكە بێ خوداحافیزی جانتای هەڵدەگرێ و دەڕوا
ڕەنگی هەورینی لە دوای خۆی لەسەر كاغەزی بەردەمم پەرت دەكا.

## لە عەنکاوە

لەناو فەرهەنگی گەنجینەی شارەکەم دەگەڕێم
نزیکترین شوێنی گونجاو لەگەڵ ڕەوتی بیرکردنەوەم: کڵێسا!
دەنگی تەراتیل و نزا
وەك یاقووت لە قوڕولیتە دەربێنی،
بە دەستی زێڕنگری بە سەلیقە، بیکەی بە ئەنگوستیلە
بۆ پەنجەی ستیڤان بابەکە
ئەو کاتەی لەسەر چوار دۆنم زەوی
کاتدرائییەك دروست دەکا بە مۆدێلی بابلی لە عەنکاوە
گۆڕیشی هەر لەوێ لەناو دیوارە.

گەوجییە دەست ببەی بۆ گەنجینەی قەشەکان
ناوی باوکیشت عەبدوڵڵا و نفووسی موسوڵمان بێ!
لە مزگەوت و خانەقا چیت دەست نەکەوت؟
پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە،
پۆلێك باڵندەی کۆچەری بە حەواوە
سەرنجی منیان گواستەوە بۆ نەخشی هارمۆنیی فڕینیان.

بۆ مەلی بچووك چ فەرقی هەیە،
ئاسمانی ئێرە و ئاسمانی ئەوێ؟

من وەك تۆ، ستیڤان!
لەسەر كاغەزی بێ غەش
وەك چرای زەقوورەیی سەربەرەوخوار هەڵواسراو
لەسەر دینی بێدینی شیعر و گونجاو لەگەڵ دینداران
لەسەر زەوییەكی بچووكی دڵگیر،
جێی گۆی زەوی دەكەمەوە لە ڕستەیەك
ئەو ڕستەیە ڕۆژێ ببێ بە دیواری خۆشەویستی
هەر كەسێ بێ و دڵخوازی خۆی لێ بنووسێ.

## دوای تەمەنێکی درێژ

کە ماندوو دەبی بە دەست تەمەنەوە،
بیرت بۆ ئەو بەرزاییانە ناچێ کە بە زەحمەت سەرکەوتووی
ئەو هەڵدێرانەی بە تەنیا پێیاندا ڕۆیشتووی.
بەرزی و نزمیی شوێنەکان یەك مانایان دەمێنێ
گرینگ ئەوەیە لە هیچیاندا نەکەوتووی.

من بۆ خۆم فۆبیای شوێنی بەرزم هەیە
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەستەمە چاوهەڵنەهێنی بۆ ڕووناکی،
ڕۆژەکان کە وەك ئاڵتوون دەبریسکێنەوە.

شەکەت و ماندووی دەست خەونەکان
دڵخۆش و سەرسامی کاتی کامەرانی هێشتا بەری نەداوم
وەك ئەو کتێبانەی دەستت بەر نابێ لە خوێندنەوەیان
شەقژنی باڵی هەندێکیان،
کوورەی بێدەنگی هەندێکیان هێشتا گەرمە.

ئەگەرچی هزر و خەیاڵ پەرشوبڵاوە
هەندێك كەڕەت دەڵێی هیچ ڕووینەداوە
بۆش و بێمانا دەردەكەوێ عومرم
نە لەززەتی بەرزایی دەمێنێ نە مەترسی لێژایی.

چرچولۆچیی سەر دەموچاوم بە بیرم دێنێتەوە،
ئەوەی ڕۆیشتووە ناگەڕێتەوە.
ناو چاویشم،
پەرۆشییەك تێیدا بریسكە دەدا
بەوە دەزانم هێشتا ماوە، گەڕێكی تر لە پێشم.

## کەشتیی لەنگەرشکاو، هاوار

وڵاتی من لە کەشتی دەچێ
کەشتیی ناو شەپۆل و باوبۆران
لەگەڵ ئەوەی دەریاش لە گۆڕێدا نییە.

لەرینەوەی بایەوان و لەشی گەورەی بێ جووڵەی
بە تاوێری تەلیسمێکەوە،
بای وەرزەکان لێی دەدەن و ناکەوێ.

هێلانەی خۆم بەراورد دەکەم بە هێلانەی لەقلەقێك
لەسەر عاموودی کارەبای زەختیعالی لە دەشتودەرێك
ئەو باڵندە لۆقدرێژە دندووك سوورانە بەختەوەرترن
کەی بیانەوێ دەفڕن.

وەرە من و تۆ هێلانە بگۆڕینەوە ئەی مەلی مل باریك
چی گەنجینەم هەیە هەمووی بۆ خۆت
تۆش! دڵنیایی شەوی درێژی هاوینی خۆتم پێ بدە.

وەك بازی زێڕین پەرشوبڵاوی دنیام، بەهێز و بەرزەفڕ
لە ویکیپیدیا ناوم هاتووە
خۆشم نازانم، ئەم ناوە قەبەم چۆن هەڵگرتووە؟
چڕنووکی تیژ و ڕاوی لە ناکاو،
یان هەر ناوێکی هاکەزاییە بۆ ناسینەوە.

پڵنگی چنگ بە خوێنی خۆمم
قرقڕتۆکی نێچیرێك بە کەڵبەمەوە ئەویش خۆمم.

مۆم و چیلکەی خواروخێچ، پەڕی شکاو نابێ بە باڵ
موڵکی دۆڕاو، سەروەت و سامانی ساختە
کۆنکریێتی سارد، باڵەخانەی چەند نهۆم
جێی خاك ناگرێتەوە، کە لەکیسم دا.

لە بەلەکۆنی بڵندەوە،
کراسی یاخەدڕاو بە تەناف هەڵواسراو
لە شەقامی بێ شۆستەدا،
ڕەمزی بێکەسیی فڕێدراو

بیرەوەریی ڕۆژانی ژێردەستییتە
تۆ خۆشت لەوێ نی!

ئەم وڵاتەی من لەنێو پەنجەکان بەر دەبێتەوە
کە دەیەوێ هەستێتەوە دەکەوێ.

بە ئاوازی پیرێك کە دەنگی لەرزیو خەریکە دەخنکێ لە قوڕگی
وەك کەفی سەر ڕووی تاڤگە سپی
دەردەکەوێ گۆرانییەکانی
سەرەڕای هەموو عەیب و عارێك.

## لەناو جووت کەوانەی ئازاد

ڕەشەمێ وەك ناوی ئازاد مەولوود دەخەمە ناو جووت کەوانەی بچووکەوە.

دڵۆپی زیوینی باران بەسەر جامی سەیارەوە
لە ڕێی نێوان فڕگە و شوقەکانی مەنتکاوە
قسە و باسێکی زۆر هەیە لە نێوانمان،
خێرا وەك هەگبە هەڵیاندەڕێژین.
چل ساڵی برادەرایەتی بەو چەند ساتە کورتانە ناخرێتە ڕستەوە.

وڵات چەند دوورە ئازاد؟
کە دێیتەوە چاونووقانێکە، کە دەچی
وەك مەلەکردن لە لمدا چەند دەفڕی لە شوێنی خۆتی.
وەڵامێکی وەها بێدەنگی بە دوا دادێ.

برادەرەکانم گرفتاری هاتنەوەکانن

ئەوەی جێیان دەهێڵن تەونی خەونەکانن
وەك جاڵجاڵۆکە چنیویانە بە دەوری خۆیاندا.

خەونی ئێمە! وەك چۆلەکە بە ئاسمانی شارەوەن.

پرسیاری "جەلال بەرزنجی " دەکا، ئەویش ئەمشەو نۆرە فڕینییەتی
دڵم لایەتی، ڕێی دوورە
هەموو جارێك شتێك لێرە جێ دێڵێ، تا زوو بگەڕێتەوە
ئەمجارە دەستەکانی جێ هێشتووە لای دایکی
لە ناو نوێنی نەخۆشییدا
تا بەرەبەیان.

ئەوە حەقیقەتی تەمەنی ماندوومانە بە دەست خۆشەویستەکانەوە.

لە بەردەم باڵەخانەیەکی بڵند جانتا دادەگرێ
دەستی دەخاتە دەستم، سوپاس دڵشاد!
وەك ئەوەی بزانێ،
چەند ماندووم بەدەست سەفەری برادەرەکانەوە.

ڕەشەمێ خۆ ئامادە دەکا بۆ بەهار
ڕەگی من خۆی ئامادە دەکا بۆ ژیانەوە،
وەرزی هاتنەوەی هەر یەکێك
لە برادەرەکانم.

ترسم هەیە کە دێنەوە یەکێکمان لێرە نەبین.

## سێبەری ورچەبۆر

ئێستا قوببەی شیعرێکم سەر دادەگرێ
منداڵێك بە ڕێگاوە دەستی لەناو دەستی دایکی
دەلەرزێ.

- دایکە جەنگ چییە؟
١. هێڵی ئەو تەلەفۆنەیە پێش ئەوەی هەواڵی کەسوکار بزانم
دەپچڕێ.

٢. سەعات پێنجی بەیانی
بە دەنگی ئینزار بەئاگا دێین
لەجیاتیی نوێژ ڕادەکەینە ژێرزەمین.

٣. لەسەر شۆستەکان لەجیاتیی ئایس کرێم
قەوانی تۆپەکان دەفرۆشن.

٤. پەپوولەی ناو گۆرانییەکان نازانن بفڕن بۆ کوێ
گیر دەبن لە تەلبەندی سنوور.

٥. وەك جانتای گومانە لە وێستگەیەکدا
وەك نامەی هەڕەشەیە لە نەناسراوێك
یان دراکۆلا! لەناو پێخەفدا.

٦. سەرزەوی پڕ بووە لە گۆڕی بێ ناونیشان
کەچی بە هەموویان یەك پەیکەریان هەیە
سەربازی ون!

٧. سەرکردەکان! لە دوای هەسارەی تر دەگەڕێن
مانگ لەرزی لێ هاتووە
مەیدانی جەنگی داهاتووە!

ئێستا تێگەیشتی ڕۆڵە گیان جەنگ چییە؟
- نەوەڵڵا، فرِی لێ تێنەگەیشتم!
دە بڵێ: ورچێکە دەیەوێ بمانخوا!

# قیریانا[1]

دڵخۆش بە بۆقێك دەناسیت لەناو کانیلەیەك

دڵخۆش بە کانیلەیەك دەناسیت لەپەنا تووترکێك

دڵخۆش بە تووترکێك دەناسیت خەریکە گوڵ دەربکات

لێ گەڕێ با هێمنی بەردەوام بێت وەك قەوزەی سەر بەردی ناو ئاو.

وەختێ بە تەنیای لە ژوورەکەتدا

ئەوانەت دێنەوە یاد کە سپێدەیەکی ئادار ناسیوتن.

بۆق و کانیلە و تووترك!

ئەو دەنگە نەشازە کپ دەکەنەوە لە مێشکتدا

کە هەمیشە بە لاڕێدا دەتبەن

بەهرەی تۆ تاقی دەکەنەوە ئەگەر کەمێکیش بێت.

---

(1) قیریانا خوێندنەوەی سریانی بۆ قورئان.

منەتبار بە، ئەو ماوە درێژە
لەبن زمان و ناو وشەگەلی جودا نە بەخیلیان بەوانە بردووە،
کە پێشتر ناسیوتن، نە خۆیان هەڵقورتاندووە لە ڕستەی بێ مەودا.

شوێنێك کە هی خۆیانە لە بنارێکی دوور لە ماویلیان، هێناویانە
بە هەوری سپی و دەنگی قەلەباچکە و تاوتاوی خۆرەوە
لە سووچێك هەڵیانگرتووە، بۆ موتووربە
ئاویان تێدا دەگەڕێت لە گەڕەکی موفتی.

بۆقەکە بە ڕەنگی کەسکی دڵخۆشە وەك قەشەیەك کاتی تەراتیل
کانیلە بە مەزاری سروشت
تووترك بەو نوورەی خۆی نیشانی مووسا دا: منم من!
پێکەوە لە کڵێسای شیعرێکمدا سەردەردێنن
بێ ئەوەی گلەییان هەبێ لە شێوە و مەغزای وتن.

لەوەتەی ئەوانم ناسیوە، بێ سڵەمینەوە
لە فەزای گەورەتر دەژین، هەر ئەوەشیان لێ دەوەشێتەوە.
نامەوێت پاشگەز ببنەوە لە ناسینم.
ئەگەرچی دڵنیا نیم هەتا سەر دەحەوێنەوە،

یان ئەوانیش پێستی من فڕێ دەدەن لەبەر ئاڵۆزی دەربڕین.

کەی دنیای من دەگات بە دنیای ئەوان
نە ئیرەیی بێت نە گازاندە نە کینە
وەك بەفری تازەی بەر تیشکی هەتاو
سپی و بێگرێ وەك پەڕی کۆتر
بێلایەن وەك ڕووی ئاوێنە،

مەبەست گەڕانەوە نییە بۆ سروشت دوورترە
بێزاربوون نییە لە شار جیاوازترە
پاراستنی توخمی زیندووە
جا لەوێ بێ یان لەمێ.

بۆق و کانیلە و تووتڕك بەو قەناعەتە خۆڕسکەوە شتێك دەڵێن
گیزەی مێشی ناو هەوا کە دەجووڵێتەوە شتێکی تر دەڵێت
هەموو جاریش بیرکردنەوەم لێ تێك دەدات.

# ئەوراقی پەرێشان[1]

**بۆ نەجمەدین مەلا**

گوێزی گەڵوازە و بارێزە، با
لێکیان جودا
دەکاتەوە
با گوێزەڵانیش وەچەی خۆی نەناسێت.

ئەوانەی پۆپی بەرز و شوێنی عاسێ هەڵدەبژێرن
بە پۆزی گیرفان
بە ئیمزای سەرچەك
بە بڕیاری فەرمی و بە هەڵبژاردن و دەنگدان لەوێ نین.

لەنێوان،
پەیکەری ئاڵتوونیی ناو جامخانەی ڕاڕەوی کۆشکەکان و

---

(١) "ئەوراقی پەرێشان" ناوی یەکێك لە دەستنووسەکانی نەجمەدین مەلایە، شەرحی هەندێك لە وشەکانیش بە تەوسەوە لە فەرهەنگۆکی ئەوە.

پیاوێکی ڕەقەڵەی،
کلێتە لەسەر، بە پاڵتۆیەکی کۆنەوە
لە دوکانێکی دوو بە سێ مەتر دووجا،
کە هەم ماڵ و هەم نووسینگە هەم کەشتیی نوح.

یەکی - کۆ بە دەربڕینی ژیل دۆلۆز
دۆستی حەرف و پشیلە
بە خۆشەویستی بێ بەرانبەری
بێ گوێدان بە بەردباران، بە لاقرتەی حاشییە
وەك یاخیی ڕاستەقینە هەڵگژێت تا ئەوسەری،

بە تایبەتی،
ئەو کاتەی بە پەنجە ڕۆژەکانی دەژمارد
لە تووتەوە تا پەنجەی گەورە
لە کامەیاندا دڵخۆشە، مەعلووم نییە
نەیویستووە بۆ خۆی بژیت.

کامەیان هەڵبژێرم؟

ئەگەر وشەی کوێر گونجاو بێت،
حەفت هەزار کوێر چاك بکاتەوە بە هەناسەی حەرف
حەفت هەزار کۆڵکە موتووربە بکات بە خوێندەواری.

نموونەی حەرفی ئا – هەڵکشا
چەشنی میم لە زەوی خشا
وەکی دی،
وەك نا-ی پێش ئومێد،
وەك ئومێدی پاش پڕ - بوو
هەردووکیانی بە دارەوە هەڵگرت وەك ز - ی پاش گوێ.

وەك یای نەسەب نووسا بە موڵکی بەبەوە
لە کاتێکدا،
نە موڵکی بوو نە تەختی بوو و نە نەوە!

لە دەستنووسێکدا،
مەلا حەمدوون وەك کوێری خەوندیدە، بێکەس و عەتری نافیع!
حوزنی و خەیاڵی قوڕقوشم، ئەحمەد کۆر و وەسفی نێرکە بامییەی
بن سکی!
زۆر شووبهاندنی ترم خوێندەوە

بۆ نموونە،

بزماری ئاسمان کە تەپڵەسەری بە دەرەوەیە و نووکی چەقیوە لە تاریکی

کۆگای خەوفرۆشتن لە وەسپی ئوتێل و عارەبانەی قیامەت

بەسەر شانی مردووگێی زیندووپەرستەوە لەجیاتیی دارەمەیت

شێتی موەقەت کە خۆی بوو، یان هەموومان کاتی سەرمەستین

هەر بۆ خۆشی و بە کەمێك تەوسەوە پشیلەکەی ناو نابوو (مەحموود)!

ترسی ئەغیاری نەبایە شێخیشی پێ دەوت.

خەیاڵدانی لێوانلێوی لێی دەڕژا نەجمەدین مەلا.

کە مرد

خولە بەدەم میاوەمیاوەوە بەشی خۆی برد

ئەوەی مایەوە لە بێکەسی

بەدیار قازی و پۆلیسەوە

جەستەی بەتاڵ تەسلیم بە خاك کرایەوە

ئەو خۆی پێشتر بە نهێنی،

ناوەخنی بەخشیبووەوە.

حەشامەتی شاری خامۆش
دەیانزانی شتێکیان لێ بزربووە
نەیاندەزانی چییە؟

بۆ بەردی سەرەڕێ جیاوازی نییە
کەوتنی گەڵا و
کەوتنی عەرش.

## کەمێکی تر تاریک دادێ

کەمێکی تر فوارەی ڕووناکی دەکەوێتە سەما لە پارکی شار
کاتی پڕۆڤەی کۆمەڵە کچێکی سەماکەری ئیدگار دیگا-ن
بە جلی تەنکی سپییەوە پشتێنی ڕەنگین لە کەمەر.

ڕەوە کۆتری گۆڕەپانەکە
وەك تەماشاکەر لەسەر دوو لاقی ماندوو دەوەستن.
فەرشی چرا ڕادەخرێت لەژێر پێی قەڵات
کاتێك بە هەیبەتەوە دێتە ناو غەریبەکان.
بۆ گاڵتەجاڕ ناشێ ئەو خۆدەرخستنە، بۆ خۆشویستنە.

غەریبەکان ساڵانێکە لێرە لم لە بێژینگ دەدەن
ئەو ڕێیانە تاقی دەکەنەوە کە ئاو بزری کردن.
فێری پێچانەوەی پەلکەمێو
فێری تۆلکە خواردن و کەنگرماسی بوون
بە یادی قەراخی دیجلەوە.

لە تەك (كاكە) دادەنیشن دڵ لە دڵ نادەن
کورتترین ڕێ هەڵدەبژێرن بۆ دۆستایەتی لە جەننەتی شیمال!
منداڵییشیان لە مووسڵ و ڕومادی بە پێی پەتی
لە کۆڵانە ڕووخاوەکان،
لەناو تۆزی تەقینەوە و خوێنی ڕژاوی گەورەکان
ڕاکەڕاکە تا بە دەمدا دەکەون.

لێرە لە هەولێر پرۆتۆکۆڵی سەردەمێکی نوێ بۆ پارە دەنووسرێ
چەتۆ و حەموودی لە خوارەوە ئیمزایان کردووە
نەخشەی سیاسی هەر چۆن بگۆڕێ
ئێمە ناگۆڕێین.

شیعری من لەسەر کاغەزی سپی
بە قەڵەمی ڕەساس سکێگی دیواربەندی غەریبان دەکا
قورڕولیتەی بازاڕی مێژوو شتێکی تر دروست دەکا.

# سندووقی پاندۆرا[1]

**"حەزم دەکرد کوڕی قرشێکی مێ بام و دۆستی شەپۆلان."**

***لۆتریامون***

برام!

کوڕە تاقانەی قرشی مێ، ئەی لۆتریامون!

ئەم دنیایەی بۆ من و تۆ نابێت، بەعەمەل چی دێت،

دنیای گومڕای چاوچنۆك

دنیای بوختان و خراپە

دنیای خاپینۆك.

چارەنووس بە دەست خۆمان نەبێت،

چارەنووسی دنیا چی؟

دنیای ئەوان!

دنیای کرمی ترسناك و کللۆی برسیی کێڵگەکان.

قافی هاتووە

قەتلوعامی پێدا بکەیت وەك گژوگیای بێکەڵك

لە گەراوە قڕیان بکەیت،

---

[1] سندووقی پاندۆرا لە ئەفسانەی گریکدا خراپەی بەشەری تێدا هەڵگیراوە.

نەوەی داهاتووی ئیفلیجی ژەهر
نەوەی جووتبوونی هاوڕەگەزەکان!
دەست و قاچ باریك
زمان ئاوساویی پڕ گرێ
نەوەی ماڵدۆرۆر،
ئەوانەی لە برسان کتێبەکان دەخۆن.

هەر سەدەیە و دۆزەخداخرانی خۆی هەیە
لە سەدەی نۆزدە دنیا دۆزەخی تۆ بوو
لە بیست و یەك دڵی خۆم دۆزەخە بۆ خۆم.

تەمەنی گۆڕستان چەند سەد ساڵێکە
ئەوەی دەمێنێت ئێسکوپرووسك و خۆڵ نییە
هاکا خەیام بە پیاڵەوە دەرکەوتەوە
وتی، ئەی خۆڵ!
چیت لە دڵە هەڵڕێژە
من کۆنترم یان تۆ؟
مردن پیر نابێت ئەی لۆتریامون؟

پەیکەری خودا لەسەر مەڕمەڕی فەلسەفە و لاهوت

تۆ ویستت دایگریت. من وتم: لێی گەڕێ
لەسەر ئەو بەردە تا عەیامێکی تر
ئەگینا ناچار بە شان هەڵیبگرین
ئەو دنیایە بێ خودا فەوزایە.

هێشتا بنیادەم پێویستی بە قامچییە
وەك مێگەڵ لێیخوڕی بۆ تەویلە.
خۆریش بێزارە بەدەست بێکەسی
هەموو بەیانیان بە ناچاری هەڵدێت لە ناکەسی.
تا ئەو ڕۆژەی وەك مۆم
دادەگیرسێت
لەسەر مێزی بەردەمم.

ئەو هەموو کۆیلەیە وەك گوێ شەیتانۆکە
لەژێر پێیە گەورەکان دەپلیشێنەوە
ئەو هەموو ناپاکی و گومانە کەی دەبڕێنەوە؟
لەشی پڕ ئەسپێ، درۆی سەدەکان بۆ پاکبوونەوە
شیعر چی بکات، مەگەر دەریاکان بکات بە دیتۆڵ
مەگەر هەر چاڵی چاوەکان پڕ بکاتەوە.

خەوم مۆتەکە، بۆقێك فێر بووە لەسەر سەرینم قیڕەقیڕ دەکات
جاڵجاڵۆکەیەك لەناو پێخەفم
بەسەری گەورە و دەمی باریکی تەونێك دەچنێت
ژەهر دەڕێژێت
دەستی لێ مەدە!
جەستەی لاواز و نەفسی نەخۆشت
بەرگە ناگرێت.

درۆی نەمری فریا ناکەوێت دەوەڕێت
باوەڕی کلۆر لە کوێ بەهێزە لەوێوە دەشکێت.
کوڕینە من پێتان دەڵێم،
خشپەی بای ناو قامیشەڵان
دەنگی مشکە و مژدەی تاعوون
ئەگەر باوەڕیش ناکەن،
مەنهۆڵەکان هەڵدەنەوە
بە چاوی خۆتان ببینن
لە گەڕەکی لاتینەوە ڕێچکەیان بەستووە
تا ئەوسەری گەردوون
مشکە کوێرە مرۆڤەکان.
فریای چی بکەوین، خۆمان! لە لافاوی نووح.

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# لیستی کتێبەکانی دەزگای فام

**بیرەوەری و ژیاننامە**

١- پێگەیشـتن، بیرەوەرییەکانی میشـێل ئۆباما/ نووسـینی: میشـێل ئۆباما/ لە عەرەبییەوە: هێما ئەحمەد.

٢- نیل بە سارای سیناوە، گەشتنامە/ نووسینی: کەریم کاکە.

٣- ژووری ڕووداوەکان، یادەوەرییەکان لە کۆشـکی سـپییەوە، بیرەوەری/ نووسینی: جۆن بۆڵتن/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

٤- زۆرە و هەرگیزیش بەش ناکات، ژیانی تایبەتیی دۆناڵد ترەمپ لەسـەر زاری برازاکەیەوە. بیرەوەری/ نووسـینی: ماری ئێڵ ترەمپ/ لە ئینگلیزییەوە: یادگار ئیسماعیل و کۆڤان ڕزگار دۆڵەمەری.

٥- ئەو ڕۆژانەی مەرگی خۆمم بینی، کۆڕەوی سـاڵی ١٩٩١ بە گێڕانەوەی منداڵی، بیرەوەریی کۆڕەو/ نووسینی: هەژار مەجید.

٦- گوڵەستێرەکان کوژانەوە، بیرەوەری/ نووسینی: کەریم کاکە.

٧- مەلا تایەری یاروەیسـی جاف، دیرۆکی هەشـتا و پێنج سـاڵ تەمەن، بیرەوەری/ نووسینی: سەرحەد یونس محەمەد.

٨- لە دووگردکـانەوە بۆ بنی دونیـا، بیرەوەری (بەرگی یەکەم)/ هۆمەر دزەیی. (دوو چاپ)

٩- له دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، بیرەوەری (بەرگی دووەم)/ هۆمەر دزەیی. (دوو چاپ)

١٠- بیرەوەرییەکانم، بیرەوەری/ مووسا عەنتەر/ لە تورکییەوە: محەمەد عزەدین. (دوو چاپ)

١١- موجەتەبا میرزادە، شانازیی میوزیکی کوردی/ دلێر سەلیم.

١٢- یەکەم هەنگاو بەرەو ڕابوون (١٩٧٩-٢٠٠١ز)، بیرەوەری/ نازم عەبدوڵڵا.

١٣- ژێربەڕەکەم لە بیست ساڵدا (١٩٨٣-٢٠٠٣ز)، بیرەوەری/ وەرزێر حەمەسەلیم.

١٤- یادەوەرییەکانی دکتۆر مەستەفا مەحموود، ئەلسەیید حەڕانی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

١٥- دیدەنی تاران، گەشتنامە/ کەریم کاکە.

١٦- بە هەردوو دیوی بۆسفۆردا، گەشتنامە/ نووری بێخاڵی.

١٧- من دیێگۆی خەڵکم، بیرەوەرییەکانی مارادۆنا/ لە عەرەبییەوە: ئەرسەلان عەبدوڵڵا.

١٨- لەدەو خەرەندی ئەحەسێمۆ، بیرەوەری و ڕۆژانەی سەڵاح ڕەفیق ڕواندزی/ هەڤپەیڤین و نووسینەوە: شێرزاد هەینی.

١٩- پیاوە بێجامە شینەکە، بیرەوەرییەکانی جەلال بەرزنجی/ نووسینی: جەلال بەرزنجی.

٢٠- ڕۆژگاری من، سەرجەم یادداشتی دوکتۆر مارف خەزنەدار و ئەرشیفی نامەکانی لە چوار بەرگدا/ دوکتۆر مارف خەزنەدار.

٢١- ئەرشیفی نامەکانی مارف خەزنەدار/ کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی: بنیاد خەزنەدار.

**ڕۆمان**

١- زازانا/ نووسینی: کامەران خۆشناو.

٢- سێ کچەکەی حەوا/ نووسینی: ئەلیف شەفەق/ لە تورکییەوە: فەرهاد چۆمانی.

٣- مرۆڤ زەوی نەدۆزیوەتەوە/ نووسینی: دڵزار حەسەن.
٤- ژنەکانی ناو پیاو پیاوەکانی ناو ژن/ نووسینی: دڵزار حەسەن.
٥- چەواشە، ڕۆمان/ نووسینی: عەزیزی مەلای ڕەش.
٦- دەبمە کۆچەری، نۆڤلێت/ سەلیم عوسمان.
٧- وەرزی تەنیایی/ جەلال بەرزنجی.
٨- یاداشـــــتنامەی قوتابییەك، ڕۆمانی وێنەدار/ جێف کینی/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها.
٩- تسۆکۆرۆ تازاکیی بێڕەنگ و ساڵانی نامۆبوونی/ هارۆکی مۆراکامی/ لە ئینگلیزییەوە: سۆزان جەمال.
١٠- دوا هەناسە، ئایا ژیان شایەنی بەردەوامییە لە ڕووبەڕووی مەرگدا/ پاوڵ کەلانسی/ لە ئینگلیزییەوە: ڕۆژە محەمەد سالار.
١١- پەروانەی بێ شەم/ زریان ڕەحیم.
١٢- نانی ڕووت/ محەممەد شوکری/ لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا
١٣- کە خۆر هەڵات بوو بە شەو/ نووسینی: ڕزگار مەحموود.
١٤- گڕی سەهۆڵ/ نووسینی: کامەران خۆشناو.

**ئەدەبیات**

١- ڕازەکـانی گێڕانەوە، خەیـاڵی مێینەیی و زمـانی ژمـانە لەنـاو ڕۆمـانـدا، ئەدەبی/ نووسینی: نووری بێخاڵی.
٢- حەکایەتی کوردی، ئەفسانەی کوردەواری/ نووسینی: م. ب. ڕوودینکۆ/ وەرگێڕانی: ڕەنجدەر ئازاد عەزیز.
٣- شـەهرەزاد وەئاگا دێتەوە، کۆمەڵەچیرۆك/ نووسـینی: کۆمەڵێك نووسـەر/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.
٤- کورتەچیرۆك و مەرجە هونەرییەکانی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی/ نووســـینی: کۆمەڵێك نووسەر/ لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.
٥- ناوی تۆ ئیمزای منە، شیعر/ تەڵعەت تاهیر. (دوو چاپ)
٦- ڕۆژگاری وشك و چاوی تەڕ، دونیابینیی ئەدەبی/ تەڵعەت تاهیر.

٧- ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گسك/ تەڵعەت تاهیر.
٨- ڕابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی/ دکتۆر عەزیز گەردی (حەفت بەرگ).
٩- شینبوونی بەرد/ کۆمەڵە چیرۆك/ موحسین ئەحمەد عومەر.
١٠- لە سەمای بەفری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێك هەمیشە لە ماڵەوە/ کۆشیعر (١٩٧٦-٢٠١٩)/ جەلال بەرزنجی.
١١- کیمیای عیشق، شرۆڤەی دکتۆر دینانی لەسەر نەینامە و چوارینەکانی مەولانا/ ئامادەکردنی: کەریم فەیزی/ لە فارسییەوە: فاتیمە محەمەد زەڵمی.

**زانست و زانیاری**

١- دواهەمین کاتژمێری ئێمە، زانستی (فیزیا)/ نووسینی: مارتن ڕیس/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.
٢- ڕێگاکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی، تەندروستیی پزیشکی/ نووسین و ئامادەکردن: ڕۆشنا خەتتاب جەوهەر و ئەمیرە کەریم مام ڕەش.
٣- ئەو دەمەی کیمیا دەدوێ، زانستی/ نووسینی: مونجید سەقر/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.
٤- مێژووی زانستی نەخۆشییەکانی دڵ، زانستی پزیشکی/ نووسینی: د. عوسمان شوان ئەمین.
٥- ئایا کەچەڵ پێویستی بە شامپۆ هەیە؟ وەڵامی پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژانە/ د. ئەحمەد عەبدولمەلیك/ لە عەرەبییەوە: ئیلهام عومەر.
٦- بنەماکانی ئابووری و بازرگانی بۆ قوتابیان و بازرگانان/ مەریوان سەدرەدین عەلی.
٧- XYZـی ئایینی / ئامادەکردنی: سەلاح سەعید.
٨- پوختەی ٥٠ کتێبی گرنگی دەروونزانی/ نووسینی: تۆم بۆتلەر-باودۆن/ لە ئینگلیزییەوە: هێما ئەحمەد.

**گەشەپێدانی مرۆیی**

١- ئەو پرسیارە سەیرانەی لە کتێبفرۆشان دەکرێن. باس و بەسەرهات/ نووسینی: جێن کامپڵ/ لە ئینگلیزییەوە: سەنگەر حەسەن نەجم.

٢- هێزی ئێستا، ڕۆحانی/ نووسینی: ئێکهارت تۆڵێ/ وەرگێڕانی: بنار جەبار. (دوو چاپ)

٣- ئاشتی لە هەموو هەنگاوێکدایە، گەشەپێدانی ڕۆحی/ نووسینی: تیك نێوت هان/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

٤- سەما لەگەڵ ژیان، ژیاندۆستی/ نووسینی: مەهدی ئەلمووسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

٥- دەمەوێ بژیم، ژیاندۆستی/ نووسینی: مەهدی ئەلمووسەوی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

٦- چوار ڕێککەوتنەکە، پەرتووکی ژیرییەتی شارستانییەتی تۆڵتیکەکان، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: دۆن میگێل ڕیز/ لە ئینگلیزییەوە: کاژین ئەحمەد.

٧- ئەقڵییەت، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: کارۆڵ دوێك/ لە ئینگلیزییەوە: بنار جەبار.

٨- بازنەکەی دایکم، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: علی بن جابر الفیفی/ وەرگێڕانی: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

٩- مرۆڤی بێخود، فیکری/ نووسینی: د. عەلی شەریعەتی/ لە فارسییەوە: بەڵێن ئەنوەر.

١٠- بە بەتاڵی بمرە، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: تۆد هێنری/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

١١- تیۆری فستق١، (چاپی دووەم) گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: فهد عامر الاحمدي/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی. (دوو چاپ)

١٢- تیۆری فستق٢، گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: فهد عامر الاحمدي/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.

١٣- چیرۆکی سەرکەوتن (١٠٠ کەسایەتی)، ژیاننامەی ناوداران/ نووسینی: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری.
١٤- ٨ کەس پێویستە لە ژیانی خۆت بیانخەیتە دەرەوە/ نووسینی: تەهانی ئەلهاجەری/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٥- بە مردنی تۆ جیهان چ زیانێکی پێ دەگات؟ (هونەری دروستکردنی ژیان و جێهێشتنی جێپەنجەت تیایدا)/ نووسینی: خزر بن سالم بن حلیس ئەلیافعی/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٦- داکشان، فێرت دەکات چ کاتێك پاشەکشە بکەی و چ کاتێکیش سوور بی لەسەر هەڵوێستەکانت؟!/ نووسینی: سیس گۆدین/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.
١٧- فیزیای بەختەوەری، یاساکانی ژیانت رێك بخە بۆ ئەوەی دوور بی لە شکست. گەشەپێدانی مرۆیی/ نووسینی: سەعید ئەلنەوبان/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
١٨- ١٠١ رێگا بۆ بوون بە فرۆشیارێکی سەرکەوتوو/ نووسینی: ڕابەر کەریم بەکر.
١٩- لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە، نهێنییەکانی بوون بە بەڕێوەبەرێکی مەزن/ نووسینی: جۆهانا ڕۆزمان و ئیسەر دێربی/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەزیز.
٢٠- پۆڕن، تەڵە مەترسیدارەکە/ سەربەست بورهان قادر.
٢١- بەر لەوەی ببمە بیست ساڵ پێویستە بیانزانم، هەڵەی کەسانی دیکە دووبارە مەکەوە/ تینا سیلێگ/ لە ئینگلیزییەوە: بورهان عومەر.
٢٢- ڕامانگەلێك لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون/ موحەممەد ڕاشد ئال مەکتووم/ لە عەرەبییەوە: ماهر حەسەن.
٢٣- پاسی وزە، ١٠ ڕێسا بۆ یارمەتیدانی ژیان و کردار و تیمەکەت بە وزەی پۆزەتیڤ/ جۆن گۆردن/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.
٢٤- دیدەنیکار، ڕێبەرێك بۆ: دۆزینەوەی کار - ئامادەکردنی ڕووپەڕی کەسناسی (CV) - چاوپێکەوتنی کار بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە/ کامەران خۆشناو.

٢٥- گەشـــتی لێخۆشـــبوون/ نووســـینی: خلوود بادحمان/ لە عەرەبییەوە: پڕشنگ کامەران.

**پەروەردە و فێرکردن**

١- زانکۆ بەخێرهاتنت دەکات، ڕێبەر بۆ فێرخوازانی زانکۆ/ نووســـینی: جاسم بن هارون الهارون/ لە عەرەبییەوە: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

٢- سمینارم هەیە، فێرکردن/ نووسینی: د. فەرهاد عەلی مستەفا.

٣- برەو، بنەما و ســەرچاوەکانی پەروەردەیەکی دروســـت/ ئەحمەد فاتیح کەرکووکی.

٤- پۆلەکەت بەرەواژ بکەوە، بۆ گەیشـــتن بە هەموو قوتابییەك لە هەموو پۆلێك و هەموو ڕۆژێکدا/جۆناسان بێرگمان و ئارۆن سامز/ لە ئینگلیزییەوە: هیمداد عەبدولقەهار موحەممەد.

٥- مەلەی دژەڕەوت: پەروەردە لە ڕوانگەیێکی ڕەخنەییەوە/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب.

٦- پەروەردەنـاســـیی ڕەخنەیی: پەروەردەی دیمۆکراتی و کۆڕانکـاریی کۆمەڵایەتی/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب.

٧- دەروونـدروســـتیی قوتابی، ڕۆڵی مامۆســـتا لە بەرزکردنەوەی ئاســـتی دەروونـدروستی لە قوتابخانەدا/ بۆنی میللەر/ د. ڕێدار محەممەد ئەمین.

٨- بنەماکانی دەروونـدروستی و ژیانێکی بەرهەمدار/ د. زانا ئەحمەد قەساب. (سێ چاپ)

٩- سیستەمی ئینگلیزیی ئاسان. ئینگلیزی بە جۆرێك فێربە، کە وەك خەڵکی ئینگلیز قسە بکەی/ نووسینی: ئەی جی هۆگ/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد مەحموود.

١٠- ژیان بە ئامانجەوە/ ئەرسەلان محەممەد.

١١- ٢٠٠٠ ڕێنوێنی بۆ مامۆستایان/ نووسینی: نیك پاکارد - فیل ڕەیس/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

١٢- منداڵەکەت چ کاتێك سەیری شاشە بکات؟ تەلەڤزیۆن، مۆبایل، ئایپاد، لاپتۆپ و یارییە ئەلیکترۆنییەکان/ نووسینی: ئانیا کامێنێتز/ لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەسەن عەزیز.

١٣- مامۆستایەتی لە باخچەی منداڵان، شێوازی وانەگوتنەوە و ناسینی منداڵان/ نووسینی: سومەیە عەدنان.

**ئەتەکێت**

١- ئەتەکێتی سەردەمییانە، چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بۆ گەیشتن بە لوتکە، ئەتەکێت/ نووسینی: دۆرسیا جۆنسن، لیڤ تایلەر/ لە ئینگلیزییەوە: کۆمەڵێك وەرگێڕ.

٢- ڕێکخستن، هونەری ژاپۆنییەکان بۆ نەهێشتنی ئاڵۆزی و ڕێکخستنی ماڵ، هونەری ڕێکخستنی ماڵ/ نووسینی: ماری کۆندۆ/ لە ئینگلیزییەوە: هێما ئەحمەد.

**سیاسی و ئایینی**

١- کوردستان لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا، خوێندنەوەی ستراتیژی/ نووسینی: سەروەر حەمە ئەحمەد.

٢- پێغەمبەر و پێغەمبەرناسی، ئایینی/ نووسینی: سەرحەد یونس محەمەد.

٣- پوختەی ٥٠ کتێبی گرنگی سیاسی/ نووسینی: تۆم بۆتلەر-باودۆن/ لە ئینگلیزییەوە: هاوکار عەبدوڵڵا.

٤- مامە سام چی دەوێت؟!/ نووسینی: نوام چۆمسکی/ پەراوێز و وەرگێڕان: سەنگەر حەسەن نەجم.

٥- ژیان لە سایەی کۆمپانیاکاندا/ نووسینی: نوام چۆمسکی/ پەراوێز و وەرگێڕان: سەنگەر حەسەن نەجم.

**منداڵان**

١- زنجیرەی ڕەوشتە باشەکان، منداڵان (٨ کتێب)/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها

٢- زنجیرەی خێزانەکەم، منداڵان (٤ کتێب)/ لە ئینگلیزییەوە: کەوسەر تەها.

٣- شیاو، چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵان/ نووسینی: هەوار وشیار.

٤- زنجیرەی مەلا مەشهوور/ نووسینی: ماری مەتەڕ / لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری.

٥- ماڵی ماسییەکان/ نووسینی: داناز کامەران.